# بزربوونی سیاسەت

## هەوڵێکی سەرپێیی بۆ دۆزینەوەی جێگەی کورد لە هاوکێشەکانی ئەمڕۆی ئێراندا

«عەدنان حەسەنپوور»

لەم نووسینە کورت و سادەیەدا ئەمەوێ هەندێ پرسیاری سادە، بەڵام گرنگ، بخەمە روو و هەوڵ ئەدەم وەڵامی روون و سادەشیان بۆ بدۆزمەوە. ناوەندیترین پرسیاریش ئەوەیە کە هاوکێشە و رووداوە گشتی و سەرانسەرییەکانی بەستێنی سیاسەت و کۆمەڵگای ئێران چ جۆر پێوەندییەکیان بە کوردستان و کێشەکەیەوە هەیە. چونکوو بە رای من سەرەڕای مێژوویەکی دووردرێژی کار و چالاکیی کولتووری و سیاسیی کورد لە ئێراندا هێشتا نەمانتوانیوە هێڵکاری و سیمایەکی روون و ئاشکرا بۆ پێوەندیی نێوان کوردستان و ناوەندی ئێران دەسنیشان بکەین. هەڵوێستەکانی ئێمە لە ئاست دیاردە و گۆڕانەکانی ئێراندا گەلێ پارادۆکسیکاڵ و دژ بە یەکە؛ جار هەیە وەک بکەر و ئەکتەرێکی سەرەکیی ناو هاوکێشەکان دەرئەکەوین و جاریش هەیە ئەوەندە خۆمان دوور دەگرین وەک بڵێی فلان رووداوی تاران لە ئەستێرەیەکیتردا قەوماوە! بێگومان ئەم پارادۆکسە ئاکامی تێنەگەییشتنی تەواوە لە سروشتی بابەتەکان و نیشاندەری جیدینەبوونی وشیارانەی ئێمەیە لە ئاست گەورەترین پرس و بابەتەکانی ژیانی تاکی و کۆییماندا. بەکورتی وائەزانم کۆمەڵگای کوردستان هێشتا لە سیاسەتدا گەلێ ساوا و منداڵە و ئەگەر ئەمانەوێ لەو ساواییە رزگار بین و بەرەو بلووغی سیاسی هەنگاو بنێین، ئەبێ بەر لە هەر شتێک وەڵامی روون و ئاشکرا و سادە بۆ هەندێ پرسیاری بنەمایی بدۆزینەوە کە یەک لەو پرسیارانە بریتییە لە «جێگەی کورد لە هاوکێشە و رووداوە گشتییەکانی ئێراندا» تاکوو لەبەر رۆشناییی ئەو وەڵامەدا ستراتیژێکی سەردەمییانەی گونجاو و بەرنامەیەکی کردارییی واقیعی بۆ کاروباری سیاسی و کولتووری و کۆمەڵایەتیمان دابڕێژین.

١. بەڵام پێش ئەوەی بچمە سەر ئەسڵی باسەکە بە پێویستی ئەزانم ئاماژەیەکی زۆر کورت و خێرا بۆ هەندێ تێبینی و خاڵی گرنگ بکەم کە دەشێت بێتە دەسپێکێکی تیۆریک و پێویست کە تێگەییشتنی خوێنەر بۆ باسەکانی دواتر ئاسان دەکاتەوە.

سیاسەت زیاتر لە هەر شتێکیتر کاریگەری لەسەر ژیانی تاکی و کۆیی مرۆڤ دائەنێت، بچووکترین رووداو یان گۆڕانی سیاسی ئەتوانێ زۆر خێرا سەرجەم ژیان و کۆمەڵگا بخاتە ژێر کاریگەرییەوە، بەڵام کاریگەریی بەستێن و بابەتەکانیتری وەک زانست و هونەر و ئەدەب و... قەت بەو خێراییە نییە. بەتایبەت لە وڵاتانی پەرەنەسەندوو یا روو لە پەرەدا ئەم کاریگەرییە گەلێ قووڵتر ئەبێتەوە، بۆ وێنە مردنی سیاسەتمەدارێک دەشێت کۆی هاوکێشەکان بگۆڕێ و داهاتووی وڵاتێک و نەتەوەیەک بە ئاقارێکی جیاواز لەگەڵ ئاقاری پێشوودا بەرێت بەڵام قەت مەرگی هونەرمەند یا ئەدیبێک ئاوا شتێکی لێ ناکەوێتەوە (دیارە ئەم قسانە لە سۆنگەیەکی بەهادارانەوە نییە و بە واتای بەگەورەترزانینی سیاسەتمەدار لە هونەرمەند و... نییە، بەڵکوو تەنیا روونکردنەوەی واقیعی کاریگەرییەکانە لە زەمەنێکی خێرا و رووبەرێکی بەربڵاودا). لە روویەکیترەوە بە جۆرێک لە جۆرەکان کۆی بەستێنەکانیتر گرێدراوییەکی راستەوخۆ و قووڵیان بە هاوکێشە سیاسییەکانەوە هەیە؛ بۆرۆکراسی بەرهەمی سیاسەتە و ئەگەر بۆرۆکراسی نەبێ ئایا ئەتوانین بیر لە داهێنانی بەربڵاوی هونەری و ئەدەبی یاخود پێشکەوتنی ئابووری بکەینەوە؟ رەنگە هونەرمەند وەک تاک بتوانێ داهێنانی خۆی درێژە پێ بدات بەڵام ئایا ئەتوانێ ئەزموونەکان و زانستە هونەرییەکەی بەبێ بوونی سیستەم و بۆرۆکراسیی فێرکاری بۆ کۆمەڵگا بگوێزێتەوە؟

بەم پێیە شێوەی مامەڵە و تێکەڵبوونی سیاسی جیاوازە لە شێوەی مامەڵە و تێکەڵبوونی هونەری و ئەدەبی و زانستی و تەنانەت بگرە ئابووریش، بێگومان تۆرانی کۆمەڵێک هونەرمەند لە فێستیڤاڵێکی هونەری زۆر جیاوازە لە تۆرانی حیزبێکی سیاسی لە پرۆسەیەکی سیاسی. من وەک هونەرمەند زۆر ئاسان ئەتوانم بڕیاری بەشداریکردن یا بەشدارینەکردن لە بۆنە و فێستیڤاڵ یا رێکخراوێکی هونەریدا بدەم بەڵام وەک سیاسەتمەدار یا چالاکی سیاسی ناتوانم بەو ئاسانیە بڕیار بدەم لە پرۆسەیەک یان هەڵبژاردنێکدا بەشداری بکەم یا بەشداری نەکەم. بڕیاری هونەرمەندەکە بڕیارێکی تاکییە و کاریگەرییە باش و خراپەکانی بۆ تاکی خۆی ئەمێنێتەوە، تەنانەت ئەگەر ببنە کۆمەڵێک هونەرمەندیش دیسان رووبەری کاریگەرییەکان زۆر بەربڵاو و جەماوەری نابێتەوە. بەڵام بڕیاری سیاسیی سیاسەتمەدار یا حیزبێکی سیاسی رووبەرێکی بەربڵاوی کۆمەڵایەتی و جەماوەری ئەگرێتەوە و لەسەر چارەنووسی خەڵک کاریگەریی قووڵ و خێرا دائەنێت. بە بارێکیتردا ئەگەر هونەرمەندان دەرفەتی بەشداریکردنێک لەدەست بدەن بە ئاسانی ئەتوانن جارێکیتر قەرەبووی بکەنەوە یاخود فێستیڤاڵ و رێکخراوێکی سەربەخۆ دابمەزرێنن، بەڵام لەدەستدانی دەرفەتی بەشداریکردنێکی سیاسی قەت بەو ئاسانییە قەرەبوو نابێتەوە و بگرە زۆرجار جارێکیتر وەها دەرفەتێک هەر نایەتەوە و بۆ تاهەتایە دەستکەوتەکان لەکیس ئەچێ. گرتنەبەری رێگایەکی نەگونجاوی سیاسی دەشێت بۆ دەیان ساڵ وڵاتێک لە نەگبەتییەوە بگلێنێ و لە بەرانبەردا وەرگرتنی هەڵوێستێکی ئەقڵانی و دروستی سیاسی دەشێت لە ماوەیەکی کورتدا دەرگای بەختەوەری و ئازادی بە رووی وڵاتێکدا بکاتەوە.

کە وابوو میتۆدی کاری سیاسی میتۆدێکی تایبەت و تاقانەیە و جیاوازیی زۆری هەیە لەگەڵ میتۆدی کار لە بوارەکانیتردا؛ سیاسەت هاوشێوەی فەلسەفە و شیعر نییە تیایدا ئایدیای مەزن و خولیا ئانتۆلۆژیکەکانمان بەرجەستە بکەینەوە، لە شاری سیاسەتدا خیتاب و گوتارە قەبە و ترانسێندێنتاڵەکان نابنە سەنتەری ژیان و

بابەتەکان بەڵکوو بکەری سیاسی لە شتە بەردەست و داخوازییە رۆژانە و وردەکانی مرۆڤ را ئەمێنێ، لەم مانایەدا «زانستی سیاسەت» تەنانەت جیاوازە لە «فەلسەفەی سیاسی». سیاسەت دونیای فیزیکە نەک مێتافیزیک، دونیای واقیعە نەک حەقیقەت، دونیای سەرزەوینە نەک ئاسمان. «زانستی سیاسەت» نایەوێ حەقیقەتمان بۆ بدۆزێتەوە بەڵکوو ئەیەوێ کێشە بەرهەست و نزیکەکانی کۆمەڵگامان بۆ چارەسەر بکات. چەمکی ناوەندیی سیاسەت بەشداریکردنی خەڵکە لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیاندا نە هیچ شتێکیتر، هەر بۆیە هیچ رێگا و میکانیزمێکی هەرمێن و هەمیشەیی بوونی نییە، سیاسەت دونیای رەخنەکاری و پیاچوونەوەی بەردەوامە و ئەگەر وا نەبێ بێشک تووشی وەستان و داخران ئەبێت. لەم دونیایەدا دۆست و دوژمنەکان هەمیشەیی نین، دەشێت دوژمنی ئەمڕۆ ببێتە دۆست و هاوڕێی ستراتیژیکی سبەینێمان یان بەپێچەوانەوە. ئەمە بەو مانایە نییە کە سیاسەت هەڵگری هیچ جۆرە یاسا و بنەما و پرەنسیپێک نییە و وەک (عوام الناس) ئەڵێن دایک و باوکی نییە! بەڵکوو بەو مانایە دێتەوە کە لە رووبەری سیاسەتی کرداریدا ریالیزم حاکمە نەک ئایدیالیزم؛ لەم بەستێنەدا قسەی سیاسەتمەدار یەکێک نییە و هیچ هەڵوێستێکی نەگۆڕ و هەمیشەیی بوونی نییە. مەیدانی سیاسەت مەیدانی رێکەوتنە نە بەریەککەوتن، یاریی سیاسەت یارییەکی دوو جەمسەری نییە لایەک براوە بێ و لایەکیتر دۆڕاو، دواجار ئەبێ هەردوولا براوە بن یاخود هەست بە دۆڕان نەکەن ئەگینا قەت «شەڕ»ی سیاسی ناگۆڕدرێ بۆ «رێکەوتن»ی سیاسی. یاسای سیاسەت یاسای شەڕ نییە بەڵکوو یاسای ئاشتی و پێکەوەژیانە، ئێمە سیاسەت ناکەین لەبەر ئەوەی کە هەر سیاسەت بکەین یاخود بۆ ئەوەی شەڕ لەگەڵ جەمسەری بەرانبەردا درێژە پێ بدەین، کرداری سیاسیمان بۆ ئەوەیە لە خاڵێکدا هێڵێکی سوور بەسەر هاوکێشەی «ململانێ و شەڕ»دا بهێنین و دەرفەتی پێکەوەژیان و ئازادی و ئاسایش دەستەبەر بکەین. ململانێی سیاسەت ململانێی «حەق» و «ناحەق» نییە، ئەگەر بیبەینە ناو ئەو بازنەیەوە قەت «شەڕ» دوایی نایەت؛ هەردوولا خۆیان بە حەقی تەواو ئەزانن و ئامادە نابن مل بۆ لایەنی ناحەق نەوی بکەن، ئەگەر بیکەن ئەوا تووشی خەیانەت و گەورەترین گوناە بوون.

جیهانی سیاسەت جیهانی عەقڵ و دووربینییە نەک جیهانی سۆز و هەست، ئەگەر بەپێی دڵمان بجووڵێینەوە تووشی داوەریکردنی سۆزەکییانە ئەبین بەڵام مێشکمان ئەگەر ببێتە فەرماندە، ناهێڵێ خۆشەویستی و نەفرەتەکانمان کاریگەری لەسەر بڕیارەکانمان دابنێن. لەم بەستێنەدا ئەبێ بەدوای ئاکامدا بڕۆین نەک ئەوەی بکەوینە دوای سارێژکردنی گرێ دەروونییەکانمان یاخود تۆڵەکردنەوە لەم و لەو. نابێ داهاتوومان بکەینە ئەسیری رابردوومان، چاوی سیاسەت لە داهاتوو ئەڕوانێ و ئامادە نییە ژیانی ئاسوودە و ئازادی پاشەڕۆژ بگۆڕێتەوە بە حەقکردنەوە و تۆڵەسەندنەوە لەوانەی تا دوێنێ لە بەرەی بەرانبەرماندا بوون. سیاسەتمەداری سەرکەوتوو سیاسەتمەداری پراگماتیستە نە سیاسەتمەداری ئایدیالیست، لە راستیدا ئەتوانین بڵێین سیاسەتێک پراگماتیستی نەبێ لە بنەڕەتدا هەر سیاسەت نییە، دەشێت ئایدیۆلۆژیا بێ یا دونیابینی و فەلسەفە بێ بەڵام بێگومان هەرچی بێ سیاسەت نییە! وەک وتمان سیاسەت مانای چارەنووسی مرۆڤەکان، ئایا رەوایە بە خولیا و خەون و خەیاڵەوە مامەڵە لەگەڵ ئەو چارەنووسەدا بکەین. سیاسەتمەدار یا چالاکی سیاسی ئەتوانێ خولیای مەزن و کەڵکەڵەی

فەلسەفی و ئانتۆلۆژیکی هەبێ، بەڵام ئەو ساتەی دەبێتە بکەری سیاسی ئەبێ تەنیا بەپێی پێوەرەکانی زانستی سیاسەت کە پێوەرگەلی زەمینی و پراگماتیستین، بەشداری لە بەستێنی سیاسەتدا بکات. ئەوەی بە دونیای کردەوە (Practic) نامۆ بێت ناتوانێ پێوەری مامەڵە کردن بێ لەسەر ژیان و چارەنووسی خەڵک، ژیانی خەڵک ژیانێکی واقیعییە هەر بۆیە پێوەر و میتۆدی واقیعیشی ئەوێ.

٢. بەم پێشەکییە کورتەوە با بچینەوە سەر پرسیاری سەرەتامان دەربارەی چۆنایەتیی پێوەندیی نێوان کورد و هاوکێشە و رووداوە سیاسییەکانی ئێران و بزانین شێوازی هەڵسوکەوتی ئێمە لەگەڵ ئەر هاوکێشانەدا تا چەند لەگەڵ ئەو باسەی سەرەوەدا دێتەوە. ئینجا هەوڵ ئەدەم لەبەر رۆشناییی وەڵامی ئەم پرسیارە و هەروەها روانینی رەخنەییانە و خەسارناسانەمدا بۆ رابردوو و ئێستای کاری سیاسی لەم بەشەی کوردستاندا، هەندێ پێشنیار بۆ داهاتوو بخەمە بەردەست.

ئەبێ دوو ئاستی باسەکە لێک جیا بکەینەوە، ئاستی وتن و گوفتار لەلایەک و ئاستی پراتیک و کرداریش لەلایەکیتر. چونکوو بە رای من جیاوازی و مەودایەکی قووڵ لە نێوان ئەم دوو رووبەرەی ژیانی سیاسیماندا هەیە. باوەڕ ناکەم کەس هەبێ بتوانێ نکۆڵی لە بوونی پێوەندی لە نێوان کێشەی کورد و هاوکێشەکانی ئێراندا بکات، هەمووان لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا کەم تا زۆر دان بەو پێوەندییەدا ئەنێن. بەڵام بەشی زۆری کرداری سیاسیمان نیشاندەری ئەوەیە کە قایل بە وەها پێوەندی و کاریگەرییەکی دوولایەنە نین یان ئەگەر قاییلیش بین لە ئاستێکی زۆر سادە و بەرکورتدا ئەیهێڵینەوە. لێرەدا با ئاماژە بەوەش بکەم کە مەبەستم لە «کرداری سیاسی» کۆی ئەو کارانەیە لەم چەند دەیەی هاوچەرخدا ـ بەتایبەت لە ساڵانی دوای سەرکەوتنی شۆڕشی 1979دا ـ لە لایەن حیزبە کوردییەکان و لە هەندێ قۆناغی زۆر کورتدا لەلایەن ئێلیت و دەستەبژێرانی سەربەخۆی کورستانەوە ئەنجام دراوە و بە جۆرێک لە جۆرەکان مانا یان دەرئەنجامێکی سیاسییان لێ کەوتۆتەوە. ئەڵبەت جیاوازیی شێوەی هەڵسوکەوت و بیرکردنەوەی دەستەبژێران و رۆشنبیران لەگەڵ میتۆدی کارکردنی حیزبەکاندا زۆر کەم بووە و وەک فارس ئەڵێن جۆرە (هم پوشانی)یەکیان بەیەکەوە هەبووە و هەیە. ئەڵبەت بیرمان نەچێ کە سیاسەتی ئێمە لە رووبەرە سیستماتیک و پلان بۆ دانراو و ئۆرگانیزەکراوەکەیدا لە پەیکەری حیزبەکانماندا بەرجەستە بۆتەوە، هەر بۆیە بەناچار ئەبێ زیاتر لەسەر مێژوو و میتۆدی ئەوان چڕ ببینەوە تاکوو لە سروشتی کرداری سیاسی لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا تێبگەین.

بە ئاوڕدانەوەیەکی سادە تێئەگەین کە دوای شکستخواردنی وتووێژەکانی نێوان لیژنەی کورد و دەستەی وتووێژی دەوڵەتی ناوەندیی ئێران لە یەکەم ساڵانی دوای شۆڕشدا، مەودای نێوان سیاسەتی ئێمە و سیاسەتی ئێران بەردەوام قووڵتر بۆتەوە. لایەنی جێی سەرنج ئەوەیە کە ئەم دوورکەوتنەوەیە زیاتر لەوەی جەبری رووداوەکان و ئاکامی گۆڕانەکان بێ، دەرئەنجامی روانگە و بڕیاری خۆکرد و دڵخوازانەی خودی ئێمە بووە. واتە ئێمە بەردەوام

هەوڵمان داوە خۆمان لە ڕووداو و گۆڕان و هاوکێشە سیاسییەکانی ئێران دوور ڕابگرین و ئەم شێوەیەمان جارجار ئەوەندە ڕادیکاڵ و قووڵ بۆتەوە وامان زانیوە ئەوەی لە تاراندا ئەقەومێ هیچ پێوەندییەکی بە ئێمەوە نییە! وائەزانم لە ئەستی سیاسیماندا بەو قەناعەتە گەشتووین کە هەرچی لە ڕووداوەکانی ناوەندی ئێران دوورتر بکەوینەوە «کوردایەتی»یەکەمان خەستتر و ڕەسەنتر ئەبێتەوە (بیرمە ساڵی ٨٨ من و یەک دوو هاوڕێی دیکە بەرگریمان لە بزاڤی سەوز ئەکرد، کەچی لەلایەن زۆربەی زیندانییە سیاسییەکانیتری هاوڕێمانەوە تۆمەتبار ئەکراین بەوەی کە ئێرانچێتی ئەکەین!). ئێمە وامان زانیوە شوناسی جیاوازی نەتەوەیی بە مانای ئەوەیە کە خۆمان لە ڕووداوەکانی ناو شوناسی دی دوور بگرین، ئەگەرچی ئەو شوناسە دراوسێمان بێت، بەسەرماندا زاڵ بێت و کۆنترۆڵی وڵاتەکەیشمان بکات. ئالێرەدایە کە ئیتر ماڵئاوایی لە سیاسەت ئەکەین و باوەشمان بەتەواوی بە ڕووی ئایدیۆلۆژیایەکدا ئەکەینەوە کە شێوەی بیرکردنەوەی لە کۆمەڵگا و شوناس و ئەویدی لە ساواترین و سەرەتاییترین قۆناغی بیرکردنەوەدا قەتیس ماوە. ئەم ئایدیۆلۆژیایە هەموو «ئەویدی»یەک بە بێگانە و دواجار بە دوژمن ئەزانێ، کەچی ئامادە نییە لە کردار و گەمەی ئەو دوژمنە رابمێنێ و لانیکەم بۆ خۆیی شی بکاتەوە. دوا نموونەکان لە بەردەستماندان؛ ساڵی ٨٨ حیزبەکانمان و زۆربەی ڕۆشنبیرانمان سەرەتا بایکۆتی هەڵبژاردنیان کرد و لەوێوە بەو دەرئەنجامە گەیشتن کە «بزاڤی سەوز هیچ پێوەندییەکی بە کوردەوە نییە»، «ئەمە بەرەوژوورکەی ئێمە نییە»، «ئێمە ٣٠ ساڵە ئەیکەین با ئەوانیش چوار ڕۆژ بیکەن»، «ئەمە تەنیا شەڕی دەسەڵاتە لە ناو خۆیاندا و سیناریۆیەکی ڕووت بەولاوە هیچیتر نییە» و بە دەیان دەرئەنجام و ڕستەی هاوشێوەی ئەمانە کە بێگومان فریان بەسەر شیکاریی سیاسییەوە نییە. ئەمساڵیش ئەم ڕێگەیەمان درێژە پێدا و ئەمانوت هەڵبژاردن سیناریۆیە و پێوەندیشی بە کوردەوە نییە. بەگشتی من پێموایە لانیکەم لە ٣٠ ساڵی ڕابردوودا ئەگەر بە وتەیش نەبووبێ بە کردەوە خۆمان لە هەموو ڕووداو و هاوکێشەکانی ئێران قوتار کردووە یان لە باشترین حاڵەتدا حەزمان بە تێکەڵبوون و دەستێوەردانیان نەکردووە و جۆرێک جووڵاوینەتەوە وەک بڵێی کوردستان دەوڵەت ـ نەتەوەیەکی سەربەخۆیە (یان ئەبێ حەتمەنە ببێت) کە هیچ پێویستییەکی بە پێوەندیگرتن لەگەڵ کەسانیتر و دەوڵەتانیتردا نییە (هەرچەند ئەگەر وەها دەوڵەتێکیش دروست بکەین هەر پێویستمان بەو جۆرە پێوەندییانە ئەبێت و سەربەخۆیی زۆر جیاوازە لە بێنیازی).

30 ساڵ بەردەوامبوون لەسەر هەڵوێستی دوورەپەرێزی بە ئاشکرا سەلماندوویەتی کە بە هەڵەدا چووین، نیشانەکانی ئەم بەهەڵەداچوونە هێند دیار و ئاشکرایە دەبا پێویستی بە ئاماژە پێکردن نەبوایەت؛ لە سۆنگەی ئەم هەڵوێست و سیاسەتەوە کامە دەستکەوتمان تۆمار کردووە و کامە هەنگاومان بەرەو پێشەوە هەڵگرتووە؟ لە بەرانبەردا زۆرجار نەمانتوانیوە جەماوەری خەڵک بگەیەنین بەو قەناعەتە کە هەڵوێستەکەمان دروستە و ئەبێ پێڕەویی لێ بکەن. زەقترین نموونەی لە هەڵبژاردنە جۆراوجۆرەکاندا ئەبینرێ؛ بە درێژایی ئەم هەموو ساڵە حیزبەکان هەمیشە بایکۆت و بەشدارینەکردنیان کردۆتە بەرنامەی خۆیان کەچی زۆرینەی خەڵکی کوردستان بەشدارییان لە هەڵبژاردنەکاندا کردووە و دەنگیشیان هەمیشە مانادار و گۆڕانخواز بووە. ئەگەر لە هەڵبژاردنێکی

وەک هەڵبژاردنی پەرلەمانی حەوتەمدا بەشداریشیان نەکرد لەبەر بایکۆتردنی حیزبەکان نەبوو بەڵکوو ئاکامی رەتکردنەوەی بەربڵاوی سەڵاحییەتی کاندیداکان و دروستبوونی فەزای بایکۆتکردن لە ناوخۆی ئێراندا و لای هێزە سیاسییە رەسمییەکان بوو. ئەمە لە حاڵێکدایە کە بە رای من ئێستاشی لەگەڵدا بێ خەڵکی کوردستان گرێدراوی و خۆشەویستییەکی قووڵیان بۆ حیزبەکان هەیە، ئەی بۆچی ئەو گرێدراوییە سۆزەکییە نەیتوانیوە بگۆڕدرێ بۆ گرێدراوییەکی ئۆرگانیک و رێکخراو؟ واتە بۆچی خەڵکی کوردستان حیزبەکانیان خۆش ئەوێ بەڵام لە بڕیاری سیاسیدا بەگوێیان ناکەن؟ وەڵامەکەی زۆر سەخت نییە؛ چونکوو بڕیارە سیاسییەکانیان بە دروست نازانن یاخود بە تەواوی نازانن. بێگومان یەک لە هۆکارە سەرەکییەکانی نادروستبوونی ئەو بڕیارە سیاسییانە (ناڵێم تاکە هۆکار چونکوو هیچ دیاردەیەکی تاکە هۆکارمان نییە و رووداوەکان هەمیشە ئەنجامی کۆمەڵێک هۆکارن) گرتنەبەری سیاسەتی دوورەپەرێزی و خۆگێلکردنە لە گۆڕان و رووداوە ناوخۆییەکانی ئێران. دەستەبەرکردنی مەعریفە و ناسینی هەر شتێک پێویستی بە نزیککەوتنەوە و تێڕامان لەو شتەدا هەیە، لە دوورەوە مەعریفە نایەتە دی. چەندە خۆمان لە رووداوەکانی ئێران دوور بگرین بە هەمان ئەندازە کەمتر لێیان تێئەگەین، دیارە ئەگەر لە دیاردەیەک بە باشی تێنەگەین ناتوانین گەڵاڵەیەکی باش بۆ مامەڵەکردنی داڕێژین. ئەمانە سادەترین و سەرەتاییترین بابەتەکانی مەعریفەناسین و بە واتایەک لە ریزی (بدیهیات)دان، بەڵام بەداخەوە لە مێشکی سیاسیی ئێمەدا هێشتا جێی خۆیان نەکردۆتەوە.

پێشتر وتمان «رەخنە و پیاچوونەوە» یەکێکە لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی سیاسەت، درێژەپێدانی 30 ساڵەی بەرنامەیەکی بێدەسکەوت و شکستخواردوو و ئامادەنەبوون بۆ پیاچوونەوە و گۆڕان چ مانایەک دەبەخشێ؟ بە رای من نیشانەی ئەوەیە کە ئێمە سیاسەتمان ون کردووە و خۆمان بە کۆمەڵە هەڵوێستێکی سەرسەختانەی شێوەسیاسییەوە خەریک کردووە و وائەزانین بەراست خەریکین سیاسەت ئەکەین! لە کام قامووس و قوتابخانەی سیاسیدا 30 ساڵ سووربوون لەسەر گەڵاڵەیەکی فەشەل و بێدەسکەوت بە سیاسەت لەقەڵەم دراوە؟! ئەم میتۆدە درێژەی نەریتی سواوی کۆمەڵگاکەمانە کە قسەی «پیاو» بە یەکێک ئەزانێ و گۆڕان و پاشگەزبوونەوە بە لاوازی و تەسلیمکاری، بەراست ئایا ئەمە ئەچێتە خانەی سیاسەتەوە؟

ئامریکای زلهێز ساڵی ٢٠٠١ بە مەبەستی رووخاندنی هاوکاتی ئەلقاعیدە و تالیبان لەشکرکێشیی بۆ ئەفغانستان کرد و لە دۆکترینی «رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە»دا بڵاوکردنەوەی دیمۆکراسی و لەناوبردنی هەموو هێزێکی دژە دیمۆکراسی کرابووە مانشێتی یەکەم. ئێستە تەنیا دوای ١٢ ساڵ کە تێگەیشتووە تالیبان هێزێکی رەسەنی ناوخۆی ئەو وڵاتەیە و لەناو ناچێ هەڵوێستی گۆڕیوە و وتووێژی لەگەڵدا ئەکا و ئەیەوێ بیهێنێتە ناو پرۆسەی سیاسیی رەسمییەوە. ئێمە ٣٠ ساڵە ئەڵێین «بڕووخێ کۆماری ئیسلامی» و هەموو خواست و بەرنامەکانمان بەستۆتەوە بەو رووخانە وەهمییەوە، ئێستەیش هەر بەتەماین بڕووخێ و نامانەوێ ئەو راستییە قبووڵ بکەین کە ناڕووخێ (یا لانیکەم سەختە بڕووخێ). ئەگەر کۆماری ئیسلامی هەر نەڕووخا ئایا ئەبێ دەست لە داواکردنی مافەکانمان بشۆرینەوە و «خەبات» و چالاکی دابخەین؟ هەڵەیەکی زۆر کوشندەیە ئەگەر وابزانین تەنیا بە

رووخانی کۆماری ئیسلامی مافەکانمان دێتە دی و دەستەبەر دەبێ. ئەو دروشمە دروشمێکی سیاسی و لەخۆگری ئامانجێکی مومکینی سیاسی نییە، تەنیا دەربڕینێکی رووتی ئایدیۆلۆژیکە و نەتەنیا سوودێکی بۆ خەباتی سیاسی و کۆمەڵایەتیمان نەبووە بەڵکوو رێگرێکی گەورەیش بووە لە بەردەم داهێنان و پیاچوونەوە بە هەڵەکانماندا. لە ئەندێشەی نوێی سیاسیدا ئەڵێن بە پێچەوانەی بۆچوونی ئەفلاتوون گرنگ ئەوە نییە کێ حکوومەت ئەکات گرنگ ئەوەیە چۆن حکوومەت ئەکات. هەڵگرتنی درووشمی «بڕووخێ» دەقاودەق بەو ئاراستەیەدا ئەگەڕێ کە بۆ ئێمە گرنگ ئەوەیە کە کێ حکوومەت ئەکات، بەم شێوەیە نیشانی ئەدەین کە هیچ ئاشناییەکمان بە سیاسەتی مۆدێڕن و ئەندێشەی نوێی سیاسی نییە و ئەمەش لە راستیدا مانای ئەوەی لە بنەڕەتدا «سیاسەت» ناناسین. چ گرنگە ناوی حکوومەتی ئێران کۆماری ئیسلامی بێ یا وڵاتی پاشایەتیی ئاریامێهر، گرنگ ئەوەیە من بە مافەکانم بگەم و ئەم بەمافگەیشتنە بەدڵنیاییەوە ئاکامی بڕیاری سەربەخۆی ئەو حکوومەتە نییە. حکوومەت بە هیچ شێوەیەک بگۆڕی سەربەخۆ (متغیر مستقل) نییە[١]، کۆمەڵگا و هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکانی حکوومەتیش بەقەدەر حکوومەت و بگرە زیاتر لە خۆی لە هاوکێشە سیاسییەکان و نەخشەکێشکردنی کۆمەڵگا و دەوڵەتدا دەوریان هەیە. ئەگەر ئێمە بڕیارمان داوە خۆمان لە هەموو شتێک دوور بگرین و بە پاسیڤبوون و (انفعال)ی خۆمان هیچ زەختێکی واقیعی و کارامە نەخەینە سەر حکوومەت، ئەوە ئیتر نیشانەی بەهێزیی دەوڵەت و داخرانی هەموو دەرگاکان نییە بەڵکوو نیشانەی هەڵەبوون و کەم تێگەیشتن و نامۆبوونی ئێمەیە بە سیاسەت و پێوەرەکانی. کێ ئەیوت دوای رووداوەکانی ساڵی ٨٨ و لەتوپەتکردنی ریفۆرمخوازان و ئینجا دوای رەتکردنەوەی سەلاحییەتی هاشمی وەک دوا ئومێدی گۆڕان، نزیکترین کەس بە هاشمی و هەروەها بە ناڕازییانی دۆخی ئێستا ئیجازەی پێ ئەدرێ ببێتە سەرکۆمار؟ ئەگەر سیاسیکارانی کورد وەک هەمیشە و لەسەر هەمان تیۆریی سواوی پیلان ئەمەش بە سیناریۆ و درۆ نەزانن! بە رای من دەسەڵاتی ئێران قەت حەزی بە سەرۆکایەتیی رۆحانی نەئەکرد بەڵام گۆڕانی هەندێ لە هاوکێشەکان و گەمەی دروستی گۆڕانخوازان - واتە هاشمی و ریفۆرمخوازان - دەسەڵاتی ناچار کرد ئازادبوونی هەڵبژاردن قبووڵ بکات. ئەگەر ئەوان وەک ئەم ٣٠ ساڵەی ئێمە بتۆرایەن یاخود نەجووڵایەنەوە، ئایا ئێستە رۆحانی سەرکۆمار بوو و دەسەڵات ئاوا پاشەکشێیەکی کردبوو؟ کەوابوو هیچ دەسەڵات و حکوومەتێک هەرچەندێکیش بەهێز یا دیکتاتۆر و ملهوڕ بێت، ناتوانێ تاکە بڕیاردەری مەیدانی سیاسەت بێت. ئێمە ٣٠ ساڵە مەیدانی سیاسەتمان بۆ حکوومەت چۆڵ کردووە و ئاشکرایە ئەویش جێگاکەی ئێمە پڕ ئەکاتەوە و هەوڵ ئەدات هەرچی زیاتر دوورمان بخاتەوە و بە کۆمەڵە دروشمێکی کەللەڕەقانەی ئایدیۆلۆژیکەوە سەرگەرممان بکات. تەنانەت بگرە حەز ئەکات بەوەی دروشمی «بڕووخێ»مان هەڵگردووە، چونکوو بە هۆی ئەو دروشمەوە بیانووی بۆ دەرکردنمان لە ناوخۆی وڵات و لە هەناوی رووداوە سیاسییەکان دەست ئەکەوێ و بە ئاسانی ئەتوانێ پشتگوێمان بخات. ئاوڕێکی بچووک لە راگەیاندنی رەسمیی ئێران لەدوای ٨٨ بدەنەوە کە چۆناوچۆن ئەیویست هەرجۆر بووە ریفۆرمخوازان بکاتە هێزێکی ئاوەژووکەر، خۆ کەس وەک خۆیان نەیدەزانی خاتەمی و کەڕووبی و مووسەوی قەت ناتوانن ئاوەژووکەری ئەو سیستەمە بن کە خۆیان دایانمەزراندووە. دەسەڵات ئەیویست بە پێناسەکردنی ئەوان وەک کەسانی بەرهەڵستکاری ئاوەژووکەر بیانووی بۆ دابڕاندنیان لە خەڵک دەست بکەوێ.

بەداخەوە حکوومەت لە ٣٠ ساڵ لەمەوپێشەوە گەمەیەکی داڕشت و ئێمەیش تێکەڵی ئەو گەمەیە بووین و بە درێژاییی ئەم ساڵانە لە مەیدانی گەمەی ئەودا یاریمان کردووە. دوورکەوتنەوەی هێزی سیاسی لە خەڵک مانای لەخشتەچوون و نامۆبوونی کۆمەڵگا بەو هێزە و لەوێشەوە ئاسانبوونەوەی ئیمکانی کۆنترۆڵکردنی مەیدانی سیاسەت بۆ دەوڵەتی دەسەڵاتدار. سیاسەتی کوردی دەبا بە هیچ شێوەیەک حازر نەبوایە وڵات بەجێ بهێڵێ، کە ئەڵێم سیاسەتی کوردی مەبەستم تەنیا حیزبەکان نییە بەڵکوو ئەگەر دوورکەوتنەوەی ئەوان دواجار دیاردەیەکی چاوەڕوانکراو و حەتمی بوایە دیسان دەکرا بە هەندێ ڕێگەی‌تردا و لانیکەم دوای چەند ساڵێک دەلاقەیەکی ڕەسمی و ئاشکرا (نەک نهێنی و ناڕەسمی) بە ڕووی سیاسەتی کوردیدا بکرایەتەوە کە بەداخەوە قەت نەکرایەوە. بەم جۆرە نەوەکانی دواتر هیچ ئاشنایییەکیان بە مێژووی سیاسی، حیزبەکان، سەرکردایەتییان و بەگشتی بە ڕەوتی سیاسەتی کوردی نییە و لێی نامۆ بوون. یەک لە هەڵە کوشندەکانی حیزبەکانمان بەرکورتکردنەوەی «خەبات» بوو لە دووتوێی چالاکیی چەکدارانەدا کە لە درێژاییی زەمەندا بوو بە هۆی ماڵئاواییکردن لە سیاسەت و بەپیرۆزکردنی هەر چەشنە کردەیەکی چەکدارانە. ئەستەمترین و بەهێزترین ئۆپۆزیسیۆن بۆ هەر حکوومەتێک ئەو ئۆپۆزیسیۆنەیە کە بە ڕەسمی و ئاشکرا بەرهەڵستی دەسەڵاتی ئەبێتەوە و ئەتوانێ جەماوەری خەڵک بکاتە پاڵپشتی داخوازەکانی خۆی بەبێ ئەوەی بەشداریکردنی خەڵک بێتە مایەی دروستبوونی زیان و (هزینە)ی فراوان. زۆرینەی خەڵک تەنیا بۆ ماوەیەکی کورت ئامادە دەبن قبووڵی زەحمەتی فرە بکەن و دوای ماوەیەک ئەگەر گۆڕانێک لە دۆخەکەدا پێک نەیەت وردە وردە پاشەکشێ ئەکەن، وائەزانم خەڵکی سووریا ئەگەر بیانزانیایە لە ئاوا شەڕێکی ماڵوێرانکەر و درێژخایەنەوە ئەگلێن قەت دژی ئەسەد ڕانەدەپەڕین و بەشی زۆریان ئێستە لە ڕاپەڕینی سەرەتا پەشیمان بوونەتەوە.

ڕەنگە ئالێرەدا بوترێ دواجار حکوومەت حیزبەکانی هەر دەرئەکرد و ئیجازەی خەباتی ڕەسمیی پێ نەئەدان، لە وەڵامدا ئەڵێم ئەگەر تەنانەت وەهایش بوایە خۆ لە ساڵانی دواتر و لە چەندین قۆناغی جیاوازدا ئەمانتوانی ڕەوتێکی سیاسیی ڕەسمی بکەینەوە، بەڵام قەت بیرمان لە ڕێخستنەوە و ڕەسمی کردنەوەی کاری سیاسی لە کوردستاندا نەکردەوە و هیچ هەنگاوێکی جیدیمان بۆ هەڵنەگرت (جیا لە چەند هەوڵێکی وەک حیزبی ئاشتی و ئازادی یا بەرەی یەکگرتووی کورد لە سەردەمی خاتەمیدا کە هەوڵگەلێکی لاواز و سەرنەکەوتوو بوون). ئێمە چالاکیی ڕەسمیمان لە چوارچێوەی کاری فەرهەنگی و هونەریدا بەرکورت کردەوە و لە نەستی سیاسیماندا بەو قەناعەتە گەشتبووین کە سیاسەتی کوردی ئەبێ هەر نهێنی و ژێربەژێر بێ و هیچ ڕێگەیەک بۆ سسیاسەتی ڕەسمی و ئاشکرای کوردی لە ئێراندا نەماوەتەوە و لانیکەم تا ڕووخانی کۆماری ئیسلامی ئەم کەشە وەک خۆی ئەمێنێتەوە! ئێمە وامان زانیوە مادام حیزبە چەکدارەکانمان هەن ئیتر پێویست بە هیچ سیاسەتکردنێکی‌تر نییە و ئەوەی پێویست بێ ئەوان ئەیکەن، لەحاڵێکدا ئەوان ئەگەر بیشیانەوێ ناتوانن دەستێوەردانی هەندێ ڕووبەری سیاسەت بکەن، چونکوو سروشتی ڕەوتێکی سیاسیی چەکدار کە ڕێکخراوەکانی بە نهێنی بەڕێوە ئەبات زۆر جیاوازە لە سروشتی ڕەوتێکی ڕەسمی و ئاشکرا کە خاوەن جێگە و هەڵوێستی دیار و ئاشکرایە لە ناو کۆمەڵگادا.

ئەگەر ئێمە بەشداری لە بەستێنە رەسمییەکانی سیاسەت و تەنانەت دەسەڵاتدا بکەین ئەتوانین رەنگی تایبەتی خۆمان لەو بەستێنە بدەین، بەڵام ئەگەر خۆمانی لێ دوور بگرین دواجار هیچ نیشانەیەکی ئێمەی پێوە نابێت. لە سەردەمی دەوڵەتی ریفۆرمدا خوێندکارانی کورد ئەترسان لەوەی بەشداری لە ئەنجومەنە خوێندکارییەکانی نزیک لە «دەفتەری تەحکیم» بکەن و ئەیانوت شوناسی کوردی لە ناو شوناسی ریفۆرم و شوناسی ئێرانیدا ئەتوێتەوە، فۆبیای توانەوە وای کردبوو هیچ جۆرە پێوەندییەک لەگەڵ ئەو ئەنجومەنانە و چالاکانی ئێرانیدا دروست نەکەین. لە حاڵێکدا کە ئەو توێژە گۆڕانخوازترین و مۆدێرنترین هێزی کۆمەڵایەتیی ناو ئێران بوو (مەبەست لە مۆدێرن دروشم و ئامانجەکانە نەک پێکهات و کردەوە)، ئەگەر بمانتوانیایە ئەو جۆرە هێز و توێژانە بە قەناعەت بگەیەنین پاڵپشتی لە داواکانمان بکەن ئایا کارێکی بێهوودە دەبوو؟! بەباری ئەوباردا بێگومان تەنیا لاوازەکان لە پێوەندی ئەترسن، خۆدوورگرتنمان نیشانەی نەبوونی باوەڕ بە خۆیە، نیشانەی لاوازییەکی گەورە و بێباوەڕییە بە رەوابوونی داخوازەکان. ئەگینا ئەگەر من لە رەوابوون و رەسەنبوونی داواکانم دڵنیا بم بۆ ئەبێ لە توانەوە و لەناوچوون بترسم؟! شوناسێک بە تێکەڵبوون و پێوەندیگرتن بتوێتەوە بێگومان هەڵگری تایبەتمەندییەکانی شوناس نییە و تەنیا جۆرە هەستێکی بەپەلە و بێبنەمایە و هیچیتر. ئێمە پێمانوایە ئەگەر تەنانەت کارێکی ئاشکرا و رەسمیش ئەنجام بدەین ئەبێ بە شێوەی سەربەخۆ و بێ هیچ هاوبەشیکردنێک لەگەڵ غەیرە کوردەکاندا بێت، کەچی سیاسەت قەت بە مانای دابڕاندنی پێوەندی نییە و نەبووە، بەتایبەت لە وڵاتێکی وەک ئێراندا کە لە رووی نەتەوە و زمان و ئایینەوە گەلێ فرەڕەنگ و پلۆراڵە.

٣. بە رای من ئەم جۆرە روانگەیە لە ناو خۆیدا تووشی پارادۆکسی قووڵ بووە و ئەوەی ئێمە وەک دروشم و ئامانج رایئەگەیەنین جیاوازە لەگەڵ شێوەی کار و پراتیکماندا، بە واتایەکی سادەتر هەڵسوکەوتمان بە هیچ شێوەیەک لە خزمەت دروشم و ئامانجە راگەیەنراوەکانماندا نەبووە. هەوڵ ئەدەم بە خستنە بەردەستی دوو نموونەی بابەتی و دیار ئەم قسەیەم روون بکەمەوە:

- خواستی «گۆڕان» (Change) خواستێکی هەمیشەیی ئێمە بووە، واتە هەمیشە داوامان کردووە دۆخی نالەباری هەنووکە بگۆڕدرێ بۆ دۆخێکی باش یا لانیکەم باشتر، کەوایە ئەبێ لۆژیک و میکانیزمی گۆڕان بناسین. ئەم لۆژیک و میکانیزمە لە زەمەنێکەوە بۆ زەمەنێکیتر و لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکیتر جیاوازیی زۆری هەیە و ئەڵبەت هەندێ بنەما و فاکتەری گشتی و هەمیشەییشی هەیە. ئەگەر لە دونیای کۆندا لابردنی پادشا یان حاکمێک هەڵگری گۆڕدرانی سەرتابەری سیاسەت و بڕیارە حکوومەتییەکان بوو لە دونیای نوێدا پێکهاتی دەسەڵات زۆر لەوە ئاڵۆزترە بە هاتن و چوونی سەرکۆمار و سەرۆک وەزیرانێک یان تەنانەت گۆڕینی حکوومەتێک گۆڕانێکی گەورە روو بدات. بەگشتی سروشتی گۆڕان لە کۆمەڵگا و جیهانی مۆدێرندا گەلێ ئاڵۆز و پڕگرێیە و هەر گۆڕانێک ئەبێ لەسەر بونیادێکی عەینی روو بدات، ئەگینا ئەگەر لە ئاوا بونیادێک بێبەش بێ بێگومان زۆر هەڵناکات و دۆخەکە وەرئەگەڕێتەوە بەرەو دواوە. بۆ نموونە لە سەردەمی سەید موحەممەدی خاتەمیدا کۆمەڵگای

مەدەنی گەلێ بەهێز بوویەوە؛ ئازادیی رادەربڕین، ئازادیی چاپەمەنییەکان، ئازادیی دامەزراندنی حیزب و رێکخراو و بە دەیان بەرهەم و دەستکەوتی‌تر لە ریزی بەرهەمەکانی ریفۆرمیزاسیۆنی ئەو قۆناغەدا بوون. بەڵام تەنیا دوای هەشت ساڵ و بە گۆڕانی دەوڵەت بەشی هەرەزۆری ئەو دەستکەوتانە لەناوچوون و بە واتایەک ریفۆرم شکستی خوارد. هۆکاری ئەم شکستە زۆر بوو بەڵام یەک لە گرنگترینەکانیان بریتی بوو لە ئامادەنەبوون و ئامادەنەکردنی بەستێنی ئابووری. سەرەڕای بەرنامەکانی دەوڵەتی خاتەمی بۆ پتەوکردنەوەی «کەرتی تایبەت» ( Private sector) لە ئابوریی ئێراندا و ئەنجامدانی پرۆسەی «نادەوڵەتیکردنەوە» (Privatization) بەڵام زۆربەی رووبەری ئابووری هەروەک جاران لەدەست دەوڵەتدا مایەوە و بازاڕی ئازاد بە شێوەی بەربڵاو نەیتوانی خۆی بچەسپێنێ و کەرتی تایبەت نەبوو بە هێزی هێژمۆنیکی بەستێنی ئابووریی ئێران. ئەمە لە حاڵێکدا بوو کە وابەستەبوونی بوودجەی ئێران بە داهاتی نەوت لە خۆیدا ببووە هۆی دروستبوونی رانتێکی گەورە لە دەست دەوڵەتدا کە دەیتوانی بە پشتبەستن بەو داهاتە بەشێوەی سەربەخۆ و بێ‌نیاز لە خەڵک خۆی بەڕێوە ببات. دەوڵەتێک پێویستی بە «پیتاک» (TAX) نەبێ و سەرچاوەی داهاتەکانی سروشتی و سەربەخۆ لە کۆمەڵگا بێت ئەستەمە ببێتە دەوڵەتێکی دیمۆکرات، چونکوو هێز و دەسەڵاتی گەورەی ئابووری رێگایەکی زۆر کارامەیە بۆ داپۆشینی ناکارامەییەکان و بێدەنگکردنی خەڵک. دواجار دۆلارە نەوتییەکان دەسەڵاتێکی وەها گەورەیان بەخشیبووە حکوومەتی ئێران کە بە ئاسانی توانی دۆخەکە بە بارێکی‌تردا وەربسووڕێنێ و هەموو بەرهەم و دەسکەوتە مەدەنی و سیاسییەکانی سەردەمی خاتەمی بسڕێتەوە، واتە ئەو دەسکەوتانەی بە جێگیر و سەقامگرتوو و وەک خۆیان ئەیانوت (برگشت ناپذیر) لەقەڵەم ئەدران لە هەڵبژاردنێکی ئاساییدا لەدەست چوون و توانەوە. ریفۆرمخوازان لەوە غافڵ بوون کە دەوڵەتێک کونترۆڵی ئابووری بکات بەوەو داخران و ملهوڕی مل دەنێ. ئابووریی بازاڕی ئازاد ئەگەر بەپێی ئەزموونی چین تەنانەت مەرجی (کافی) و تەواو بۆ دامەزراندنی دیمۆکراسی نەبێ (لە ئەڵبەت ئەمەش قسەی لەسەرە و چین بە بەراورد لەگەڵ سەردەمی مائۆ و تەنانەت دەنگ شیائۆ پەنگدا ئێستە دیمۆکراتترە و بەرەو جۆرە دیمۆکراسییەکی تاکەحیزبی چووە کە لانیکەم فاکتەری زۆر گرنگی ئاڵوگۆڕی دەستەبژێرانی تێدا رەچاو ئەکرێ و پێدەچێ بەدرێژایی زەمەن بەرەو دیمۆکراسییەکی باشتر و راستەقینەتر هەنگاو بنێ) بێگومان مەرجی پێویست یا (لازم)ە. ئەگەر دەوڵەتی رۆحانیش بەرنامەیەکی کرداریی بۆ کەمکردنەوەی رۆڵی دەوڵەت لە ئابووریدا نەبێ و نەتوانێ تایبەتمەندییەکانی ئابووریی بازاڕی ئازاد بەدی بهێنێ بێگومان تووشی شکست دەبێ.

بەم پێیە کوردیش ئەگەر دەسکەوتێک دەستەبەر بکات، وەک کۆماری کوردستان یاخود یەک دوو ساڵی سەرەتای شۆڕشی ئێران، مادام زەمینە بابەتی و واقیعییەکان ئامادە نەبن بە ئاسانی و خێرایی دۆخەکەی لێ وەرئەگەڕێتەوە و هەموو شت لەدەست ئەدات، هەروەک چۆن ئەو نموونانە بە ئاوا دەردێک چوون. ئالێرەوە بەباشی ئەتوانین تێبگەین کە گۆڕانی سیاسەت لە ئێراندا پێوەندییەکی توندوتۆڵی بە سەرجەم رووبەرەکانی کوردستان و کێشەکەیەوە هەیە؛ با تەنیا بەراوردێکی سادە بکەین لە نێوان کەشی گشتیی کوردستان لە هەردوو

سەردەمی خاتەمی و ئەحمەدی‌نژاددا تاکوو لە جیاوازیی نێوان ئەو دوو قۆناغە تێبگەین. ئاشکرایە ئەگەر دەوڵەتی گەشەخواز (توسعەگرا) و دیمۆکراتتر و ئازادبیرتر لەسەر کار بێت (خاتەمی) دەرفەتی دروستکردنی رێکخراوە مەدەنی و پیشەییەکان و چالاکیی کولتووری و بگرە سیاسی بۆ ئێمەی کورد تا رادەیەکی زۆر ئامادە ئەبێ بەڵام هاتنە سەرکاری دەوڵەتێکی پاوانخوازی تەسکبیر و داخراو (ئەحمەدی‌نژاد) هەموو ئەو دەرفەت و ئیمکانانەمان لێ ئەسێنێتەوە. ئایا کەسێک هەیە نەبوونی ئاوا دەرفەتگەلێک لە بوونیان بە باشتر بزانێ؟ وانازانم وەڵامی کەس «ئەرێ» بێت. پارادۆکسەکە ئالێرەدا خۆی دەرئەخات؛ ئەگەر کراوەبوونی فەزا بە باشتر ئەزانین ئەی بۆ خۆمان لە هاوکێشەکان و رووداوەکان دوور ئەگرین و کارێک ناکەین دەوڵەتێک بێتە سەر کار کە هەڵگری ئاوا خەسڵەتگەلێک بێت؟! بگرە زۆرجار کردەی سیاسی و کۆمەڵایەتیمان بە ئاراستەی پێچەوانەدا گەڕاوە و حەزمان کردووە دەوڵەتێکی داخراوی پاوانخواز لەسەرکار بێت تاکوو بتوانین بیکەینە مینبەرێک بۆ بانگەشە و پڕوپاگەندەی دژ بە حکوومەت، بەواتایەکی سادەتر ئەوەندەی بانگەشەی دژەحکوومەتیمان لا گرنگ بووە هەڵسووڕانی جیدی و واقیعیی سیاسی و کۆمەڵایەتیمان لا گرنگ نەبووە. ئایا گۆڕان لە رێی پڕوپاگەندەی رووتەوە دێتە دی یاخود لە رێی چالاکییەکی پرۆسەیی و بێ‌وچانی ئیجابی و ئامادەبوونی ئەکتیڤ و کارامە لە بەستێنە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگا و سیاسەتدا؟

-لایەنێکی‌تری ئەو روانگە ساوا و پارادۆکسیکاڵە لە پرسی دۆخی ئێران لە کۆمەڵی نێونەتەوەییدا بەرجەستە دەبێتەوە. بەشی زۆری ئێمەی کورد پێمان وا بووە زەخت و گوشاری کۆمەڵی نێونەتەوەیی و گەمارۆی ئابووری و سیاسی و تەریکخستنی ئێران تا فرەتر بێ بەرژەوەندییەکانی ئێمە زیاتر و زووتر دەستەبەر ئەبێ. بێگومان دروستبوونی رێکخراو، دامەزراو و یاسا نێونەتەوەیی و سەروو نەتەوەییەکان (super national) و چاودێریکردن و کونترۆڵکردنی دەوڵەتان لە رێی ئەو میکانیزمانەوە گەلێ سوودمەندە و لە پەرەپێدانی مافی مرۆڤ، گەشەی ئابووری و سیاسی و هەروەها گۆڕینی رەفتار و هەڵسوکەوتی دەوڵەتەکاندا دەورێکی بەرچاویان گێڕاوە. بەڵام ئەزموونە عەینییەکان سەلمێنەری ئەو راستییەیە کە هەر وڵاتێک لە کۆمەڵگای نێونەتەوەیی دەربکرێ و تەریک بخرێ زیاتر بەرەو یاخیبوون و رەچاونەکردنی یاسا و رێسا پەسندکراوە جیهانییەکان ئەچێ. با بە نموونەیەکی سادە بابەتەکە روونتر بکەمەوە: ئەگەر کەسێک لە ژوورێکدا بە تەنیا بژی و هیچ هاوژینێکی نەبێ و چاودێرییەکی بەسەرەوە نەبێ دەشێت رەچاوی زۆرێک لە نەریتە کۆمەڵایەتییەکان نەکات و بە مەیلی خۆی بجووڵێتەوە، بۆ وێنە رەنگە بە رووتی بگەڕێ، بە دەنگی بەرز هاوار بکات، شەوان درەنگ بخەوێ، پاک و خاوێنیی ماڵەکە بەڕێوە نەبات و... بەڵام ئەگەر کەس یا کەسانێکی‌تر بێتە هاوژین و هاوماڵی ئەوجار ناچارە هەموو ئەو خاڵ و یاسایانە رەچاو بکات، ئەگینا پێکەوەژیان نامومکین دەبێ و ژیانی لێ ئەشێوێ. ئەمە بۆ دەوڵەتانیش هەروایە؛ مێژووی پێوەندییە نێونەتەوەییەکانی دونیای هاوچەرخ سەلماندوویەتی ئەگەر دەوڵەتێک لە کۆمەڵی نێونەتەوەیی دەربکرێ هەست بە بەرپرسایەتی لە ئاست یاسا جیهانییە قبووڵکراوەکاندا ناکات و ستاندارەکان پشتگوێ ئەخات، لە بەرانبەردا هەرچی دەوڵەتێک زیاتر ئاوێتەی ئەم کۆمەڵگایە بێت ئەگەری

ڕەچاوکردنی بەها و پرەنسیپەکان زیاتر ئەبێتەوە. بەراوردکردنی کۆریای باکوور و کووبا بە تورکیا و ژاپۆنی دوای شەڕی دووهەمی جیهانی ئەم حەقیقەتەمان بۆ ڕۆشن ئەکاتەوە (ڕەنگە کەسێک بڵێ عەرەبستان سەرەڕای ئەوەی پێوەندیی بەربڵاوی جیهانیی هەیە لە ڕەچاوکردنی مافی مرۆڤ و ستاندارە جیهانییەکاندا خراپترین کارنامەی هەیە، لە وەڵامدا ئەبێ بڵێم بە ئاستی یەکەم عەرەبستان دەشێت نموونەی ڕەتکەرەوە (مثال نقض) بێت بەڵام ئەم یەک نموونە ئاوارتەیە نموونە جیاوازەکانی پێ ڕەت ناکرێتەوە، واتە عەرەبستان (استثنا بر قاعده)یە. بە ئاستی دووهەم کۆمەڵگای عەرەبستان ئێستاشی لەگەڵدابێ لە دەوڵەتە دواکەوتووەکەی دواکەوتووترە و هیچ خواستێکی جەماوەریی ـ نەک نوخبەوییانە ـ بۆ گۆڕان تیا نییە). من خۆم لەو کەسانە بووم کە ساڵی ٨٤ پێموابوو هاتنە سەرکاری ئەحمەدینژاد مانای یەکدەستبوونەوەی دەسەڵات و لەوێوە بەریەککەوتنی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی و ئێران کە لە ئەنجامی ئەم بەریەککەوتنەدا دەشێت زەمینەی بەدیهێنان و دەستەبەرکردنی ئامانج و مافەکانی ئێمە خۆش ببێت. دەسەڵات یەکدەست بوویەوە و دیپلۆماسیی هێرشبەرانە بوو بە هۆی دروستبوونی قورسترین زەختەکان و بەربڵاوترین گەمارۆ ئابووری و سیاسییەکان، بەڵام ئایا بەراورد بە ساڵی ٨٤ ئێمە لە ئامانج و مافەکانمان دوورتر کەوتووینەوە یا نزیکتر؟! بێگومان زۆر دوورتر کەوتووینەتەوە. ئێستە دان بەوەدا ئەنێم کە بۆچوونەکەم هەڵە بوو، ئێمە قومارمان لەسەر داهاتوویەکی نادیار و پێشبینینەکراو و لێڵ کردبوو و قورسترین زیانەکانیشمان بەرکەوت. نەتەنیا ئێمکانی نزیکبوونەوە لە ئامانجەکانمان کاڵتر و دوورتر بوویەوە بەڵکوو ئێستە ئاواتەخوازی گەڕانەوە بۆ دۆخی ساڵی هەشتاوچوارین، ئێستە ئەبێ وزە و ئێنێرژییەکی فراوان سەرف بکەین بەشکوو تازە بگەڕێینەوە بۆ هەشت ساڵ لەمەوپێش و دیسان لەو خاڵەوە دەست پێ بکەینەوە. ئەگەر تەنانەت ئاکامی ئەو بەریەککەوتنە شەڕی نێوان ئێران و ئامریکایش بوایەت کێ ئەڵێ ئێستە لە دۆخی ئێراق و ئەفغانستاندا نەبووین و تیرۆریزم و ڕادیکاڵیزم ژیانیان لێ تاڵ نەکردبووین؟ کۆماری ئیسلامی تا زیاتر بەشداری لە جیهاندا بکات زیاتر ڕەچاوی ستانداردە جیهانییەکان ئەکات و هەرچی دوورتر بکەوێتەوە و تەریکتر بخرێ زیاتر لەو ستانداردانە دوورتر ئەبێتەوە. بەم پێیە قازانجی ئێمە بێگومان لەوەدایە کە خاتەمی سەرکۆمار بێ نەک ئەحمەدینژاد، قازانجمان لەوەدایە دۆسیەی ئەتۆمی زووبەزوو چارەسەر بێ و حسێبی ئەندامێکی بەرپرس بۆ حکوومەتی ئێران بکرێ. مەسەلەکە زۆر سادەیە؛ لەم ٣٤ ساڵەدا ستانداردە جیهانییەکان لە کام قۆناغدا زیاتر ڕەچاو کراوە؟ بێگومان لە سەردەمی خاتەمیدا کە زیاترین پێوەندیی لەگەڵ دونیادا هەبوو و لە سیاسەتی دەرەوەیدا دروشمی سڕینەوەی ناکۆکییەکان و وتووێژی شارستانییەتەکان و ئاشتبوونەوەی جیهانیی بەرز کردبۆوە. ئەی لە کام قۆناغدا زیاترین ڕێژەی دوورکەوتنەوە لەو ستانداردانە ڕووی داوە؟ بێگومان لە سەردەمی سیاسەتی هێرشبەرانە و شەڕانگێزانەی ئەحمەدینژاددا. پارادۆکسەکە ئالێرەدایە: یەک لە دروشمە هەمیشەییەکانی ئێمە زەروورەتی ڕەچاوکردنی ستاندارد و پرەنسیپە جیهانییەکانی وەک مافی مرۆڤ لە ئێراندا بووە، کەچی قەت هەوڵمان نەداوە دەوڵەتێک بێتە سەر کار کە زیاتر ئەو ستانداردانە بپارێزێ و تەنانەت بەپێچەوانەوە بگرە حەزمان لە هاتنەسەرکاری دەوڵەتێک کردووە کە حکوومەتی ئێران لەو ستانداردانە دوورتر و دوورتر بخاتەوە. دڵمان بە هەندێ ئەگەری نادیار خۆش بووە بەشکوو دونیا بە گژ ئێراندا بچێ و حکوومەت بڕووخێ ئێمەش بە مافەکانمان

بگەین، یاخود وەک نموونەکەی پێشوو رەنگە بۆ بەڵگەدارکردنی بانگەشەکانمان حەزمان کردبێ حکوومەت رەچاوی یاسا و ستانداردەکان نەکات! ئەم روانگەیە هێند کاڵ و کرچ و بێبنەمایە پێویستی بە سەلماندن نییە، ریسککردن لەسەر چارەنووسی دەیان میلیۆن مرۆڤ کارێکی تەواو ناڕەوایە، لە ئاوا ئاستێکدا پێویستە هەنگاوی دڵنیا و کەمتر گومانهەڵگر و پارادۆکسیکاڵ هەڵبگرین.

ئەم دوو نموونە بەرچاوە نیشاندەری ئەوەیە کە لە نێوان دروشمەکان و شێوازی هەڵسوکەوتماندا مەودایەکی زۆر قووڵ هەیە و لە زۆر رووبەردا نەمانتوانیوە خۆمان یەکلایی بکەینەوە و هاوسەنگییەک لە نێوان ئامانج و میتۆدەکانماندا پێک بهێنین. وەک چەند جاریتر ئاماژەم پێ کرد ئێمە هەموو شتێکمان گرێ داوە بە رووخانی حکوومەتەوە و وائەزانین تا زەمانێک کۆماری ئیسلامی لەسەر کار بێ هەرجۆرە کارێکی رەسمی و هەرچەشنە تێکەڵبوونێک بە هاوکێشە ئاشکرا و ناوخۆییەکانی ئێران کارێکی حەرام و قەدەغەیە. بێگومان ئاوا روانگەیەک زیاتر لەوەی سیاسەت بێ دین و ئایدیۆلۆژیایە. میتۆدی کارکردنی سیاسیی ئێمە هەمان میتۆدی دینداریمانە، تەنانەت چەپترین و ماتریالیستیترین لایەنەکانیش بە دیندارانەترین میتۆدەکان کاریان کردووە و کار دەکەن. میتۆدی دین میتۆدی مەعنەوییەت و ویژدان رەحەتییە نەک میتۆدی ژیانی عەینی و بەدەستهێنانی ئاکام و ئەنجامی دیار، ئەم میتۆدە سەرتابەری کۆمەڵگامان بۆ ئایدیۆلۆژیزە ئەکاتەوە و ناهێڵێ فرەچەشنی و فرەڕەنگی قبووڵ بکەین. میتۆدی سیاسیی ئێمە ـ بە تەعبیری عەبدولکەریمی سروش ـ میتۆدی (صراط مستقیم)ە نەک میتۆدی (صراطهای مستقیم)، ئەوەتا ٣٠ ساڵە بە تاکەیەک کۆڵاندا تێئەپەڕین و هەمیشە بە دەستی خاڵی گەڕاوینەوە بەڵام هێشتا هەر سوورین لەسەر ئەوەی کە ئەو کۆڵانە تاقانەیە تەنیا رێگەیە بۆ گەیشتن بە بەهەشت. ئالێرەوەیە کە لەژێر لافاوی پارادۆکسەکاندا ئەخنکێین، دروشمەکانمان تازە و نۆژەن ئەبنەوە بەڵام میتۆدەکەمان هەمان میتۆدە سواو و لەکارکەوتووەکەی جاری جارانە. ئێمە داوای دیمۆکراسی ئەکەین کەچی نازانین دیمۆکراسی مانای بەشداریکردن، وتوویژ و دیالۆگ، قبووڵکردنی فرەچەشنی و فرەڕەنگی، وازهێنان لە رەهاگەری و دۆگماتیزم، رەخنە و پیاچوونەوەی بەردەوام و چەندین چەمکی هاوشێوەی دیکە کە میتۆدی ئایدیۆلۆژیکی سیاسەتی ئێمە گەلێ نامۆیە بەو چەمک و پێوەرانە.

ئێمە سیاسەتمان ون کردووە و بە خەیاڵی خۆمان وائەزانین لەناویدا کولاوین! باوەڕ ناکەم لە هەموو دونیادا میللەتێک هەبێ ٣٠ ساڵ لەسەر یەک قسەی بێدەسکەوت و شکستخواردوو بمێنێتەوە و هێشتا هەر پێداگریی لەسەر بکات.

٤. دوابەشی ئەم وتارە تەرخان ئەکەم بۆ هەندێ پێشنیاری روون لە هەردوو رووبەری تیۆری و کردەوەدا کە بە رای من ئەتوانێ بۆ رزگاربوون لەم دۆخە خەسارئامێزە یارمەتیدەرمان بێت. بەڵام با پێش ئەوە بڵێم کە ئەم پێشنیارانەم لەبەر رۆشناییی ئەو دۆخە نوێیەدا ئەخەمە بەردەست کە دوای هەڵبژاردنی خولی یازدەهەمی سەرۆک کۆماری هاتۆتە بەرهەم و مەزەندەی ئەوە ئەکرێ جۆرە کرانەوەیەکی گشتی لە فەزای کۆمەڵایەتیی ئێراندا روو بدات. هەندێ لە توێژەران و لێکۆڵەران پێیان وایە ئەم قۆناغە نوێیە دەشێت تەنانەت لە قۆناغی خاتەمی

پڕبەرهەمتـر و دیمـۆکراتیکتر بێـت و دەسکەوتەکانیشـی جێگیرتـر و تەمەنـدرێژتر. ڕێـبەری ئێـران بـۆ یەکەمجـار ئۆپۆزیسیۆن و نەیارانی کۆماری ئیسـلامیی بانگهێشـتی بەشـداریکردن کـرد و وەک عەبـاس عەبـدی ئەڵـێ لە ١٥٠ ساڵی ڕابردوودا یەکەم جارە ئۆپۆزیسیۆن بە ڕەسمی ئەناسرێ. تا ئێستە هەمیشە ئەوترا هەموو ئەوانەی دەنگیان داوە کەسانێکن بەتەواوی نیزامیان قبووڵە بەڵام ئەمجارە ڕاشکاوانە ڕاگەیەنرا کە بەشێک لە دەنگدەران کەسـانێک بوون کە نیزامیان قبووڵ نەبوو بەڵام لە ئاست چارەنووسی خۆیان و وڵاتدا هەسـتیار بـوون و بەپێویسـتیان زانـی بەشـداری لە هەڵبژاردنـدا بـکەن. لەم قۆنـاغە نـوێیەدا ئیـدی نـابێ وەک هەمیشـە ببیـنەوە بە تەماشـاچییەکی دوورەپەرێـز، بەڵکـوو ئەبـێ بە خوێنـدنەوەیەکی زانسـتی و قـووڵەوە خۆمـان بـۆ تێکەڵبـوون بە فەزای سیاسـی و کـۆمەڵایەتی ئامـادە بکەیـن. ئەبـێ یەک جـار بـۆ هەمیشــە دان بەوەدا بنێـین کە دەکـرێ بە بـوونی کۆمـاری ئیسلامیشــەوە بەدواداچـوونی ڕەسـمی و ئاشـکرا بـۆ مافەکانمـان بکەیـن و دڵنیـا بـین هەتـا ڕەوت و میکـانیزمە دیمۆکراتیکەکان لە ئێراندا بەهێزتر و پتەوتر بێتەوە ڕێگەی گەییشتنی ئێمە بە مافەکانمان هەموارتر دەبێت. ئەبێ باوەڕ بکەین کە حکوومەت تاقە بڕیـاردەری مەیـدانی سیاسـەت نییە و بەشـێکی زۆر لە میتـۆد و هەڵسـوکەوت و سیاسەتەکانی ئەو گرێدراوی چۆنایەتی و چەندایەتیی ئامـادەبوون و شـێوازی هەڵسـوکەوت و سیاسـەتی ئـێمەیە. ئەبێ ئەوەندە بەهێز و گونجاو و پتەو بجووڵێنەوە کە حکوومەت حسـێبی ئەکتەرێکـی جیـدی و حاشـاهەڵنەگرمان بۆ بکات و ناچار بێ لە هەموو بڕیار و پلانەکانیـدا بەرژەوەنـدییەکانی ئـێمە لەبەرچـاو بگـرێ. ئـێمە ئەبـێ بەرکـار نەبین، بکەر بین. سەیرکەر نەبین، ئەکتەر بـین. ئیـدیۆلۆگ نەبـین، سیاسـەتزان و سیاسـەتمەدار بـین. میتۆدمـان دینی و ئایدیۆلۆژیک نەبێ، زانستی و سیاسی بـێ. بەگشـتی پێویسـتە پیـاچوونەوەیەکی جیـدی و تەواو بە کـۆی سیسـتەمی سیاسـیماندا بکەیـنەوە و خۆمـان لەگەڵ پێوەرەکـانی گـۆڕان و سیاسـەتکردن لە جیهـانی مۆدێرنـدا و هەروەها لەگەڵ پێداویستییەکانی بارودۆخی ئەوڕۆی ئێران و ناوچە و دونیادا بگونجێنین. ئەگەر وا نەبێ قەدەرمان هەمان قەدەری شکست و دۆڕان ئەبێت.

بەم پێیە ئەبێ سەرەتا پێناسەیەکی نوێ لە دووتوێی پرسی گەشەپێداندا (development) بـۆ کێشـەی کـورد بدۆزینەوە، واتە ئەبێ بزانین چلۆن دەکرێ پەرەسەندن و گەشەی سیاسی و ئابووری و کولتووری و دیپلۆماتیک و زانستیی ئێران لە خـزمەت چارەسـەرکردنی کێشـەی کـورددا بێـت. ئەمە گریمـانەی سـەرەکیی مـنە و لەسـەر ئەو باوەڕەم کە هەرچی ئێران زیاتر گەشە بسێنێ ئێمە زیاتر بەرەو چارەسەرکردنی کێشە مێژووییە تەمەنـدرێژەکەمان ئەڕۆین. بۆ سەلماندنی ئەم گریمانەیە پێویستە سەرەتا بزانین گەشە و مۆدێرنیزاسـیۆن چ ئاڵوگۆڕێـک لە وڵاتێکـدا پێـک ئەهێـنن و چ بەرهەم و ئاکامێکیـان لـێ ئەکەوێـتەوە (بـا ئـالێرەدا ڕاشـکاوانە دان بە حەقیقەتێکـدا بنـێم؛ ئەگەرچی وائەزانم ئایدیاکەم دۆزییێتەوە بەڵام دۆخی ئێستام بەشی شیکردنەوە و ڕوونکردنەوەی (تبیین) گونجـاو و تەواوی ناکات؛ نە سەرچاوەی پێویستم لە بەردەستدایە و نە دۆخی زیندان ئیجـازەی خوێنـدنەوە و تـوێژینەوەم لەم بارەیەوە پێ ئەدات. ڕاستگۆیانە ئەڵێم کە دۆخی ژیانم بە جۆرێک نییە بتوانم ئاوا بـابەتێکی گرنـگ بە باشـی بۆ خوێنەر شی بکەمەوە، هەر بۆیە هەم داوای لێبووردن ئەکەم هەم داوا لە برادەرانی تـوێژەر و خـوێنەوار ئەکەم

ئەگەر ئایدیاکەیان پێ دروست بوو کارێکی زانستیی راستەقینەی لەسەر بکەن بەڵکوو بتوانین پلانێکی کرداری بۆ بەڕێوەبردنی چالاکییە کۆییەکانمان دابڕێژین).

تیۆرییەکانی گەشە لە ناو دڵی ئەندێشەی مۆدێرنیتەوە لەدایک بوون، بە مانایەک مۆدێرنیزاسیۆن یەکانگیرە لەگەڵ گەشەی کۆمەڵگادا. گەشە پرۆسەی نۆژەنکردنەوەی کۆمەڵگایە لەسەر بنەمای ئەندێشەی مۆدێرنیتە و گەلێ ئاکام و دەرئەنجامی جۆراوجۆری لێ ئەکەوێتەوە کە دەبنە هۆی گۆڕدرانی سیمای کۆمەڵگا لە هەموو ئاست و رووبەرەکاندا. مۆدێرنیتە بەرهەمی فەلسەفەی رۆشنگەرییە و ئەم فەلسەفەیەش لەسەر بنەمای هەندێ چەمکی وەک راسیۆناڵیزم (ئاوەزخوازی)، ئۆمانیزم (رەسەنایەتیی مرۆڤ) و ساینیسیزم (زانستخوازی) راوەستاوە. بەم پێیە کۆمەڵگای نوێ بە پێوەری ئەقڵی رەخنەگر و زانستە جۆراوجۆرەکان و بەمەبەستی بەدیهێنانی ژیانێکی ئاسوودە بۆ مرۆڤ دائەمەزرێت. ئەم کۆمەڵگایە هەردوو رووبەری ژیانی مادی و نامادیی مرۆڤ ئەخاتە ژێر ئاسەوارەکانی خۆیەوە، تەکنۆلۆژیای مۆدێرن لە هەموو چەشنەکانیدا ژیانی مرۆڤ ئەگۆڕێ و گەلێ ئاسانتر و ئاسوودەتری ئەکاتەوە و کولتووری مۆدێرنیش ئەبێتە هۆی گۆڕانی بەها و پرەنسیپەکان. بەشێکی زۆر لەم گۆڕانە قووڵە لە ئاکامی پرۆسەی گەشەدا دێتە دی. ئەگەرچی گەشە لە چەند ئاست و رەهەندا پێناسە کراوە و جۆرە پۆلێنبەندییەک بۆ ئەم بابەتە خراوەتە بەردەست، وەک گەشەی ئابووری، گەشەی سیاسی، گەشەی کولتووری، گەشەی زانستی و...، بەڵام پێوەندییەکی تەواو لە نێوان هەموو رووبەرەکانی گەشەدا هەیە و زۆرجار لە درێژەی یەکدیدا ئەبنە تەواوکەری یەکتر. بۆ وێنە گەشەی ئابووری و بەپیشەییبوونی کۆمەڵگا (industrialization) ئەبێتە هۆی پێکهاتنی چینێکی بەربڵاوی کرێکاران و کارگێڕانی پیشەیی کە بۆ بەڕێوەبردن و بەدواداچوونی خواستە یاسایی و پیشەییەکانیان پێویستیان بە دامەزراندنی رێکخراو و دامەزراوەی تایبەتی هەیە، دیارە ئەمەش مانای دابەشبوونی دەسەڵات بە ناو توێژەکانی کۆمەڵگادا و لەوێوە لەناوچوونی مۆنۆپۆلی دەسەڵات لە دەست دەوڵەت و دواجار کەوتنەوەی گەشەی سیاسی و هەنگاونان بەرەو سیاسەتی دیمۆکراتیکتر.

یەکێک لە گرنگترین ئاکامەکانی گەشە دروستبوونی چینی مامناوەندییە (middle class)، چینی مامناوەندیی شاری، بە رای زۆربەی کۆمەڵناسان و ئابووریزانان، بزوێنەر و هۆکاری گۆڕانە لە کۆمەڵگای نوێدا. دوو پێناسەی کۆمەڵناسانە و ئابووریناسانە بۆ ئەم چینە هەیە کە ئەڵبەت دژایەتییەکیان پێکەوە نییە و ئەبنە درێژە و تەواوکەری یەکتر. ماکی سەرەکیی پێناسەی ئابووری بریتییە لە رێژەی داهات و چۆنیەتیی بەهرەمەندبوون لە دەرفەت و ئیمکاناتە ئابوورییەکان، پێناسەی کۆمەڵناسانەیش جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە شێوەی ژیان (life style) و شێوەی بەکارهێنانی (consumption mode) ئەم چینە، جیاوازە لە چین و توێژەکانیتر. لێرەوە روانگەی چینی مامناوەندی بۆ جیهان و ژیان و شێوازی داواکردنی خواستەکانی جیاواز دەبێ لە رابردوو و لە چینەکانیتر؛ کولتووری ئەم چینە پێویستی بە خوێندنی ئاکادیمیک و رێژەیەکی زیاتری ئازادیی تاکی و کۆیی و هەروەها بەشداریی سیاسی و کۆمەڵایەتی هەیە. ئەم خەسڵەتانە کەشێک دروست دەکەن کە هەڵسوکەوتی دەوڵەت دەکەوێتە ژێر چاودێرییەکی هەمیشەییەوە و بە کەڵکوەرگرتن لە میدیا و تەکنۆلۆژیای نوێی پێوەندایەتی هیچ رووداو و دیاردەیەک ناشاردرێتەوە، کۆنترۆڵ و چاودێری لە بونیادە زۆر گرنگەکانی هەرچەشنە حکوومەتێکی

دیمـــۆکراتیکه و ئەمەش مانـــای داواکردنـــی رەوت و سیاســـەتی بەشـــدارییانه و دیمۆکراتیـــک لەلایەن چینـــی مامناوەندییەوە. بەها و خواستەکانی چینی مامناوەندی لە رێی سیاسەتی میانەڕەوانە و حیزبی میانەڕەوەوە دێتە دی و لێرەوە رادیکـاڵیزم لە کۆمەڵگـادا کەمڕەنـگ ئەبێـتەوە کە زەمینەیەکـی بـاش بـۆ دروسـتبوونی سیاسـەتی تەمەندرێژ و گەشەی جێگیـر و بەسـەقام دروسـت ئەبێت. بەپێـی چەنـدین تـوێژینەوەی جیهـانی هەرچـی رێـژە و بارستای چینی مامناوەندی بەرفراوانتر بێتەوە شانسی بەدیمۆکراسیبوون گەورەتر ئەبێـتەوە، لە کۆمەڵگایەکـدا کە چینی مامناوەنـدی چینـی هێژمـۆنە ریفـۆرمی دامەزراوەیـی (institutional reforms)، بەرنـامەی تەندروسـتی، فێرکـاری، بەشـداریی سیاسـی و دەسـەڵاتداریی گونجـاو فراوانتـر ئەبێـتەوە و رێـژەی گەنـدەڵی دائەبەزێ، ئەم زانیارییانە لە رێی گەلێ توێژینەوەی زانستی و باوەڕپێکراوەوە پشتڕاست کراوەتەوە.

گەشـە هەنـدێ بنەمـای نەگـۆڕی هەیە وەک زانسـت، تەکنۆلۆژیـا، یەکگرتـوویی و کـۆدەنگیی دەسـتەبژێران و باڵادەسـتیی یاسـا کە هەر ئەم بنەمایـانە قـووڵترین گـۆڕان لە کۆمەڵگـادا دروسـت ئەکەن. ئەڵـبەت سەرچەشـن و شـێوەکانی گەشـەپێدان لە کۆمەڵگـایەکەوە بـۆ کۆمەڵگـایەک و لە زەمەنـێکەوە بـۆ زەمەنێکـیتـر جیـاوازە، بەڵام شـێوازی کـارکردنی ئەم پرۆسـەیە لە هەمـوو دونیـادا چـونیەک و لەسـەر یەک لـۆژیکی تاقـانەیە کە بـریتییە لە پێشکەوتن و نۆژەنبوونەوەی کۆمەڵگـا و بەدیهێنـانی ژیـانێکی ئاسـوودەتر بـۆ هاووڵاتییـان. هەر بـۆیە لە رووبەرە سیاسییەکەیدا دەشێت دیمۆکراسی یەکێک لە بەرهەمەکـانی بێـت، ئەگەرچـی دەوڵەت یـا لایەنـی گەشـەخواز ئـاوا ئامانجێکیشی نەبێت.

ئەگەر ئاورێک لەو خوێندنەوە زانسـتییانە بـدەینەوە کە ویسـتوویانە خەسارناسـیی مێـژووی ئێـران بـکەن و بـزانن بۆچی کۆمەڵگای ئێران نەیتوانیوە بەو شـێوەی شـیاوە بە بەخـتەوەری و پێشـکەوتن بگـات، تێـدەگەین کە یەکەم رێگەچارەی هەموو ئەو خەسارانە لە دووتوێی پرۆسەی «گەشـە»دا پێناسـە ئەکرێ. مـوحەممەد عەلـی هومـایون کاتوزیـان لە دەسـتەواژەی وەک «کۆمەڵگـای کورتخـایەن» و «کۆمەڵگـای هەڵشـکاو»[٢] بـۆ پێناسـەکردنی ئەم کۆمەڵگایە کەڵک وەرئەگرێ و پێـی وایە «دژایەتیـی دەوڵەت و مـیللەت» بـۆتە هـۆی ئەوەی خەڵکـی ئێـران زۆر لەسەر پلان و ئامانجەکان پێداگر نەبن و بزاڤە کۆمەڵایەتییەکـان هەناسـەکورت و کەمـتەمەن بـن. لە ئێرانـدا هـیچ بزووتنەوەیەک نەیتوانیوە تـا دواخـاڵ و سـاتەوەختی ئەنجـام درێـژە بە کـار بـدات و هەمیشـە بە نیوەکـاری وازی هێناوە. بە دەیان حکوومەت و دەوڵەتی داخراو رووخێنراون کەچی سـەرلەنوێ حکوومەتێکی داخراویتـر جـڵەوی دەسەڵاتی گرتۆتەوە دەست و بەم چەشنە لە سیکلێکی تەلیسمکراودا دیسپۆتیزم و دیکتاتۆری هەمیشە هـاتۆتەوە بەرهەم. مەحموود سەریعولقەلەم لەسەر «کولتووری سیاسی» چڕ ئەبێتەوە و ئەڵێت کۆمەڵگـای ئێـران هەڵگـری کولتووری کاری کۆیی نییە و هاووڵاتییـان بە شـێوەیەکی بەربڵاو ئەتـۆمیزە و دوور لەیەک بـوونەتەوە. ئەو ئەڵـێ ژێنـی (تفـرد) و تـاکخوازی ــ ئەم وشـەیە لەگەڵ تـاکگەرایی بە مانـای ئەندیڤیـدڤاڵیزم جیـاوازیی هەیە ـ لای ئێرانییەکان هێند بەهێزە ئیجازەی رێکەوتنـی دەستەجەمعی لەسـەر ئامـانج و خولیـای کـۆیی نـادات و هەر بـۆیە هێشتا ئێران نەبۆتە «وڵات» لە مانا تەواوەکەیدا، چونکوو هێشتا خەڵکـی ئێـران نەبـوونەتە خـاوەن بۆچـوونێکی هاوبەش لەسەر چەمکی بەرژەوەندیی نەتەوەیی. سەید جەواد تەباتەبایی پێی وایە رۆشـنبیرانی ئێرانـی نەبـوونەتە

خاوەن تێگەییشتنی تەواو یا باش لە زانست و بەتایبەت نەیانتوانیوە «بونیاد» و بنەماکان بناسن. هەر بۆیە ئەو ئەندێشەیەی لە ڕۆژئاواوە گوازراوەتەوە بۆ ئێران سەقەت و ناتەواوە و بە جۆرێک لە جۆرەکان بیرکردنەوە و ئەندێشە دەبێتە کارێکی نەکردە و مەحاڵ. ئەو بەتایبەت ئاماژە بە فەلسەفە و زانستی سیاسەت ئەکات کە تا ئێستاش بونیاد و بنەماکانی لای ڕۆشنبیرانی ئێرانی نادیار ماوەتەوە و لێرەوە کۆمەڵگای ئێران نەیتوانیوە سیستەمێکی گونجاو لەگەڵ داخوازییەکان و هەروەها لەگەڵ سەردەمدا بێنێتە دی. ئابووریزانانی وەک مووسا غەنی‌نژاد و موحەممەد تەبیبیان ئەڵێن تا ئێستا بازاڕێکی یەکگرتوو، سەرانسەری و هەمەلایەنە لە ئێراندا نەهاتۆتە دی، هەر بۆیە هیچ گرێدراوییەک لە نێوان بەرژەوەندییەکانی خەڵکی ناوچە جیاجیاکانی ئێراندا دروست نەبووە و بەم پێیە خەڵک ناتوانن لەسەر بنەمای ئەو بەرژەوەندییانە ڕێکەوتنێکی کۆیی و کۆمەڵایەتی بکەن. لەلایەکی‌ترەوە بەشی زۆری ئابووری لە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتدا ماوەتەوە و کۆنترۆڵکردنی سەرچاوەی سەرمایە و داهاتی وڵات لەلایەن دەوڵەتەوە مانای ئەوەی ئەتوانێ چۆنی پێ خۆشە ئاوا لەگەڵ کۆمەڵگادا مامەڵە بکات و چونکوو داهاتەکەی بە سەربەخۆ لە خەڵک کۆ ئەکاتەوە مل بۆ داخوازییە دیمۆکراتیکەکان شل ناکات.[۳]

ئەگەر کەمێک بە وردی بیر لەم پاتۆلۆژییانە بکەینەوە تێدەگەین مۆدێرنیزاسیۆن و گەشەی واقیعی دەشێت چارەسەری هەموویان بێت؛ دژایەتیی نێوان دەوڵەت و میللەت لە ڕێی دامەزراندنی دەوڵەتێکی دیمۆکرات و یاساخوازەوە لەناو ئەچێ کە ئەمەش پێویستی بە دامەزراندنی ڕێکخراوە مەدەنی و پیشەییەکان و حیزبە سیاسییەکان هەیە، واتە گەشەی سیاسی و ڕێکخراوەیی دەبێتە چارەسەر بۆ ڕزگاربوون لە کۆمەڵگای کورتخایەن و هەڵشکاو. یان کولتووری سیاسیی ئەتۆمیزە لە ڕێی فێرکاریی مۆدێڕن و هەمان گەشەی کولتووری و سیاسییەوە ئەگۆڕدرێ بۆ کولتوورێکی سیاسی کە جەخت لەسەر زەروورەتی کاری کۆیی دەکات. نەناسینی بونیادە فیکرییەکانی ڕۆژئاوا لە ڕێی ئاکادیمیای ئازاد و پێشکەوتوو و هەروەها وەرگێڕانی سیستماتیکی دەقە ئەسڵییەکانەوە چارەسەر دەبێ، لە زانکۆ و ئاکادیمییەکدا کە بیانەوێ پرۆسەی بەئیسلامیکردنەوەی زانستەکان ئەنجام بدەن هیچ هیوایەک بۆ تێگەییشتن لە بونیادەکانی ئەندێشە نامێنێتەوە و ئەم کارە پێویستی بە ئازادیی بیرکردنەوە و بڵاوکردنەوە هەیە کە ئەوەش دیسان گرێدراوی دەوڵەت و سیستەمی فێرکاریی مۆدێڕن و کراوەیە. دروستکردنی بازاڕی ئازاد و کەمکردنەوەی ڕۆڵی دەوڵەت لە ئابووریدا لە ڕێی چاکسازیی ئابووری و بە نادەوڵەتیکردن و بەهێزکردنەوەی کەرتی تایبەتەوە دێتەدی و... وەک دیارە ئەگەر گەشە و مۆدێرنیزاسیۆن نەتوانێ چارەسەری تەواو بۆ ئەم کێشانە بێ بێگومان زەمینە و دەرفەتی چارەسەرکردنیان خۆش دەکات.

ئەو کێشانە کەم تا زۆر کێشەی کۆمەڵگای کوردستانیشن؛ بەردەوامنەبوونی جەماوەری لەسەر داواکردنی خواستەکان لە مێژووی ئێمەیشدا زۆر پڕڕەنگە، تەنانەت پارچەکانی‌تری کوردستان لە ئێمە زیاتر لەسەر درێژەدانی بزووتنەوەی سیاسیی کوردی پێداگرییان کردووە. یان ناوچەگەرایی و نەبوونی شوناسێکی مەزنی نەتەوەیی و سەرتربوونی شوناسی عەشیرەیی و شاری و بنەماڵەیی لە شوناسی نەتەوەیی کە بۆتە هۆی شپرزەیی و لێکدوورکەوتنەوەی خەڵکی کوردستان بەپێی مەزهەب و زاراوە و شار و... ئاستی تێگەییشتنی ڕۆشنبیرانی کورد لە بونیادە فکرییەکانی دونیای نوێ ئەگەر لە فارسەکان کەمتر نەبێ بێگومان فرەتر نییە! هەروەها نەبوونی

بازاڕی یەکگرتوو و بازاڕی ئازاد و لاوازبوون یاخود هەر نەبوونی کەرتی تایبەت لە خەسڵەتە ئاشکراکانی ئابووریی کوردستانە. ئەگەر سبەینێ بتوانین دەوڵەتێکی فیدراڵ یا تەنانەت سەربەخۆیش دابمەزرێنین ئەم کێشانە و بە سەدان کێشەی دیکە بەرۆکی ئەم کۆمەڵگایە بەرنادەن و ناهێڵن ئازادی و بەختەوەری و دیمۆکراسی سەقامگیر بێت. لە کۆمەڵگایەکدا کە ژنان هێشتا بە ناموسی پیاوان حسێب ئەکرێن و پیاوسالاری لە دار و دیواری ئەبارێ، ئایا ئەتوانین هەموو وزەی خۆمان تەنیا بۆ گەیشتن بە مەبەستێکی سیاسی تەرخان بکەین و بڵێین با شتەکانیتر بمێنێتەوە بۆ دوای ئەوە؟! من ناڵێم واز لە سیاسەت یا کاری سیاسی بهێنین، بەپێچەوانەوە ئەڵێم ئەبێ روانگەی خۆمان بۆ سیاسەت بگۆڕین و وا نەزانین سیاسەت مانای دژایەتیکردنی دەوڵەتێک و هیچیتر. ئایا سیاسەت ئەوەیە هەموو بوونی خۆمان ببەستینەوە بە رووخانی کۆماری ئیسلامییەوە و بڵێین تا ئەو حکوومەتە نەڕووخێ هیچیتر ناکەین؟ یا تەنانەت بڵێین کاری رەسمی و ئاشکرای سیاسی حەرامە و هەرجۆرە بەشداری کردنێک شەرعییەتدانە بە حکوومەت و ئەمەش خەیانەت نەبێ هیچیتر نییە؟!

من ئەڵێم رەوتی گەشە و مۆدیرنیزاسیۆنی ئێران لە خزمەت بەرجستەبوونەوە و چارەسەرکردنی کێشەی کورددایە، بە مەرجێک پیاچوونەوە بە خۆماندا بکەین و بەشدارییەکی چالاکانەمان لە بەستێنی گشتیی ئێراندا هەبێت. هەربۆیە پێویستە هەوڵ بدەین دەوڵەتێک بێتە سەرکار کە گەشەخواز بێ و بیهەوێ لەگەڵ کۆمەڵگای نێونەتەوەییدا بژی و شەڕی دونیا نەکات. زۆرجار وائەزانین ئەگەر گەمارۆ بخرێتە سەر ئێران و ئابوورییەکەی توشی هەڵشکان و داڕووخان بێت لە بەرژەوەندیی ئێمەدایە، چونکوو حکوومەت لاواز ئەبێ. ئیتر بیر لەوە ناکەینەوە کە خەڵکی هەژار تا کەڵکەڵەی ئاسایش و نانیان هەبێ قەت بیر لە ئازادی و سیاسەت ناکەنەوە. لە هەموو جیهاندا خەڵک سەرەتا ئەیانەوێ گیانیان پارێزراو بێ و بژێوی ژیان و نانی خواردنیان هەبێ، بەبێ ئەم دوو شتە هیچ شتێکیتریان ناوێ، ئەگەر لەوانە دڵنیا بوونەوە ئینجا داوای ئازادی و ژیانی ئاسوودە ئەکەن. وانەزانین ناڕەزایەتیی هەژاران و برسییان شۆڕشێکی ئاوەژووکەری بێچەندوچوونی لێ ئەکەوێتەوە، دەشێت تەسلیمبوون و سواڵکەریکردنی حکوومەتیشی لێ بکەوێتەوە! لە وڵاتی هەژار و گەشەنەسەندوودا پێکهاتی کۆمەڵگا پێکهاتێکی جەماوەرییانە (mass society) و بێفۆرمە، واتە جێگە و رۆڵی تاکەکان دیاری نەکراوە و هیچ هەڵوێستێکی هەمیشەیی و بۆچوونێکی پتەو بوونی نییە. دەشێت بۆچوونی جەماوەر لە ماوەیەکی زۆر کورتی چەند رۆژەدا زەوی تا ئاسمان گۆڕانی بەسەردابێ، پێوەری نەگۆڕ و قبووڵکراو بۆ بڕیارگرتن و هەڵبژاردنی هەڵوێست یا هەر نییە یاخود گەلێ کاڵ و کرچە. بەڵام لە وڵاتی دەوڵەمەند و پەرەسەندوودا پێکهاتی کۆمەڵگا لە رێی دابەشبوونی رۆڵە کۆمەڵایەتییەکان و دامەزراوە و رێکخراوە پیشەیی و مەدەنییەکان و هەروەها حیزبە سیاسییەکانەوە بە تەواوی نەخشەکێش کراوە و زۆرینەی خەڵک لەسەر بنەمای پێوەرە نەگۆڕەکانیان بڕیار ئەدەن و هەڵوێست وەرئەگرن. کۆمەڵگای جەماوەری دەبێتە مەیدانی تەڕاتێنی پۆپۆلیستەکان بەڵام کۆمەڵگای پێکهاتمەند سیاسەتمەداران و کارگێڕانی پرۆفیشناڵ بەرهەم ئەهێنێ. پێکهاتمەندکردنی (To institute) کۆمەڵگا بەرهەمی بێچەندوچوونی گەشە و مۆدێرنیزاسیۆنە؛ پێشکەوتنی ئابووری، بەرزبوونەوەی ئاستی خوێندەواری، دامەزراندنی رێکخراوە مۆدێرن و مەدەنییەکان، بەهرەمەندبوون لە تەکنۆلۆژیای نوێ، دروستکردنی تۆڕی

گواستنەوەی سەرانسەری و بەربڵاو و... ڕێگە و میکانیزمی پەڕینەوە لە کۆمەڵگای جەماوەرییەوە بۆ کۆمەڵگای پێکهاتەمەند نەخشەکێش ئەکەن. کۆمەڵگایەک کە فریوی پۆپۆلیستەکان ناخوات و بە ئاسانی واز لە داواکاری و مافەکانی ناهێنێ، کۆمەڵگایەک کە چاوەدێریی بێبڕانەوەی حکوومەت ئەکات و ناهێڵێ دەوڵەت بە کەیفی خۆی بجووڵێتەوە و خەڵک پشتگوێ بخات. کۆمەڵگایەک تیایدا خەڵک هاووڵاتین (citizen) نەک ڕەعیەت و تەنیا ئەرکیان (duty) لەسەرشان نییە بەڵکوو خاوەن مافیشن (right). تاک وەک خۆی هەڵگری بەها و مافە و پێویست نییە حەتمەن ئەندامی کۆمەڵێک بێت تاکوو مافی پێ بدرێت. بێگومان تەنانەت ئەگەر وڵاتی سەربەخۆی کوردستانیش دابمەزرێنین ئەبێ کۆمەڵگاکەمان بگۆڕین بۆ کۆمەڵگایەکی پێکهاتەمەندی مۆدێرن، چ باشتر لە پۆتانسیەلی پرۆسەی گەشەپێدانی ئێران بە ئاراستەی گۆڕینی کۆمەڵگای کوردستان کەڵک وەربگرین و بەشێک لە کێشە کۆمەڵایەتییەکانمان چارەسەر بکەین. بەم شێوەیە هەم بەرەو گەشە و مۆدێرنیزاسیۆن هەنگاومان ناوە و هەم کۆمەڵگای گەشەسەندوو یا ڕوو لە گەشەمان سوورتر و پێداگرتر ئەبێ لەسەر بزووتنەوە و مافەکانی خۆی.

ئێران دیمۆکراسییەکی تەواو نییە بەڵام نادیمۆکراسییەکی تەواویش نییە، جۆرێک نیوە دیمۆکراسییە و پێدەچێ لە داهاتوودا هەم ئەم سیستەمەی ئێستا بێتە دیمۆکراسییەکی ڕاستەقینە و ستاندارد. ڕەنگە کەسانێک بڵێن ئیسلام و دیمۆکراسی پێکەوە ناگونجێن یاخود بڵێن ویلایەتی فەقیهـ و دیمۆکراسی؟! دیمۆکراسی وەک چۆن لەگەڵ مەسیحییەتدا گونجاوە دەشێت لەگەڵ ئیسلامیشدا بگونجێ، گرنگ جۆری تەفسیرکردن و گونجاندنی ڕێسا ئیسلامییەکانە لەگەڵ دونیای نوێدا. لەولاشەوە، خودی تیۆریی ویلایەتی فەقیهـ، وەک سەعید حەجاریان شی کردۆتەوە، هەنگاوێکە بەرەو سێکۆلاریزە کردنی (عورفیکردنەوەی) سیاسەتی ئیسلامی. دەرهێنانی تیۆرییەکی سیاسی لەناو فیقهی ئیسلامی و ڕازاندنەوەی بە سیما و جلوبەرگی دەوڵەتی مۆدێرن (وەک هەڵبژاردن، یاسای بنچینەیی، ریفرادۆم، پەرلەمان، حیزب، جیاکردنەوەی دەزگا و دەسەڵاتەکان لە یەکتر و...) وازهێنانە لە تیۆریی سواوی خەلافەتی ئیسلامی و قبووڵکردنی پێداویستییەکان و واقیعی دونیای نوێیە. ئالێرەدا ئەبێ زیاتر لۆژیکی تیۆرییەکە لەبەرچاو بگرین نەک ڕواڵەت و دەرکەوتەکەی؛ بە ڕواڵەت کەسایەتییەکی دینی بە شێوەی خەلیفەکانی سەرەتای ئیسلام کۆنترۆڵی هەموو شت ئەکات و یاساکانیش بەپێی شەریعەتی ئیسلام دەنووسرێتەوە، بەڵام لە ڕاستیدا و بە کردەوە حکوومەتی ئیسلامی بە هەموو بوونیەوە قبووڵی ئەوەی کردووە کە لە جیهانی نوێدا چیدی ناتوانێ وەک دونیای کۆن حکوومەت بکا و ئەبێ میتۆد و لۆژیکی دونیای مۆدێرن قبووڵ بکات. نەفسی ئەم قبووڵکردنە وا دەکات دواجار هەر شتێک بێتە ڕێگر لە بەردەم «مەسڵەحەت»ی حکوومەتکردندا بەپێی هەمان ئەو لۆژیکە لابچێ و نەمێنێ، چ حاکم بیەوێ و چ نەیەوێ. گۆڕینی «حکوومەتی ئیسلامی» بۆ «کۆماری ئیسلامی» بە مانای چوونە نێو رووبەری سێکۆلاریزمە و تیۆریی ویلایەتی فەقیهی پشتبەستوو بە پەرلمان و کۆماریخوازی و یاسایەکی بنچینەیی کە جیایە لە قورئان، دەقاودەق هەوڵدانە بۆ گونجاندنی ئیسلام لەگەڵ زەروورەتەکانی دەسەڵاتداریی مۆدێرندا.[٤] کەوابوو گومان خستنەسەر مومکینبوونی دیمۆکراسی لە وڵات و دەوڵەتی ئیسلامیدا بۆچوونێکی زاتگەرایانەیە (essentialistic) و بونیادێکی تیۆریکی ڕاستەقینە و پتەوی نییە.

بەم پێیە بەشداریکردنی ئێمەی کورد لە پرۆسە رەسمییەکانی سیاسەتی ئێراندا ئەبێتە هۆی کەوتنەوەی دوو ئاکامی گرنگی پێکەوە گرێدراو: بە ئاستی یەکەم کوردستان دەبێتە کەتالیزۆر و بە لەبەرچاوگرتنی پۆتانسیەلی بەرچاو و مێژووی درێژی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتیی کوردستان رەوتی گەشە و لەوێوە دیمۆکراتیزاسیۆنی ئێران گەلێ خێراتر و بەسەقامتر ئەبێتەوە، بە ئاستی دووهەم و لەژێر کاریگەریی ئەو گەشەونەشەیەدا ماف و داخوازییەکانی ئێمەیش لەم دۆخە مەییو و راوەستاوە رزگار دەبێ و دەرفەتی بەدیهێنانیان هەموارتر و فراوانتر دەبێتەوە. بیرمان نەچێ دیمۆکراسی میتۆدە نەک ئایدیۆلۆژیا و ئەگەر تاقە بەرهەمی گەشە و مۆدیرنیزاسیۆنی ئێران سەقامگیرکردن و گەرەنتیکردنی هەڵبژاردنی ئازاد وەک یەکێک لە بونیادەکانی دیمۆکراسی بێت، ئەوسا هەمان سندووقی دەنگدان ئەبێتە میکانیزمی «کوردایەتی».

پێناسەکردنەوەی کێشەی کورد لە چوارچێوەی تیۆرییەکانی گەشە و رەوتی گەشەسەندنی ئێراندا هەندێ رێگای تازەمان لە بەردەمدا ئەکاتەوە و ناچارمان ئەکات لەم پاسیڤبوونەی ئێستامان دوور بکەوینەوە و گیانێکی نوێ بە بەر بزووتنەوەی کۆمەڵایەتیماندا بکەینەوە. بەتایبەت لە دۆخی ئەمرۆی ئێراندا کە دوای هەشت ساڵ داخرانی سیاسی و کاولکردنی ژێرخانە ئابووری و بۆرۆکراتیک و کولتوورییەکان، هەڵبژاردنی یازدەهەمی سەرکۆماری بوو بە میکانیزمی گەڕانەوەی هێزە گۆڕانخوازەکان و تێکنۆکراتە گەشەخوازەکان. پێویستە ئەزموونەکانی سەردەمی دەوڵەتی ریفۆرم بکەینە چرایەک و لەبەر رۆشنایی ئەو چرایەدا دەست بدەینە کۆمەڵە کردەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتیی تازە و ئاشکرا و رەنگی خۆمان لەم قۆناغە نوێیە بدەین. نابێ فەزای نوێی ئێران لە ئێمە بێبەش بێ، ئەبێ لانیکەم بەقەدەر قورساییی خۆمان بەشداری لە پرۆسە و پرۆژەکاندا بکەین و کۆمەڵگایەکی پێکهاتمەند پێک بهێنین.

ئەگەرچی بە بەراورد لەگەڵ ناوچەکانیتری ئێراندا کوردستان ستروکتۆرێکی پێکهاتمەندتر و تا رادەیەک حیزبییانەی هەیە بەڵام هێشتا زۆر دوورین لەوەی بڵێین کۆمەڵگای ئێمە «جەماوەری» نییە. ئەڵبەت گرێدراویی خەڵک بە حیزبەکانەوە لە چەند بەشێکی کوردستاندا قەتیس ماوە و هەندێ بەشی کوردستان زۆر نامۆن بەو حیزبانە، لەلایەکیتروە دوورکەوتنەوەی حیزبەکان لە کۆمەڵگا - وەک پێشتر ئاماژەم پێکرد - گرێدراویی ئۆرگانیکی خەڵکی گۆڕیوە بۆ خۆشەویستییەکی سۆزەکی و نارێکخراو. ئەوەشمان بیر نەچێ کە سروشتی شۆڕشگێڕانە و چەکدارانەی ئەوان ئیجازە نادات تێکەڵ بە هەندێ رووبەری کاری مەدەنی و کولتوری بن. بەگشتی نابێ وابزانین بە بوونی ئەو حیزبانە کۆمەڵگایەکی فۆرمدار و پێکهاتمەند و رێکخراومان هەیە و پێویستمان بە هیچجۆرە رێکخستنێکیتر نییە. بەپێچەوانەوە پێکهێنانی گوتار و بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی پێویستی بە ئۆرگانیزاسیۆنی کۆمەڵگا هەیە و ئەبێ فرەرەنگی و فرەدەنگییەکان لە دووتوێی رێکخراوگەلی جۆراوجۆردا نەخشەکێش بکەین. واتە هەر پیشە و گروپ و کۆمەڵێک رێکخراوی تایبەت بە خۆی دابمەزرێنێ و لە رێی ئەو رێکخراوانەوە بەدوای داخوازییەکانیدا بچێ. ئەبێ ئەوەندە رێکخراو دروست بکەین کە هیچ چین و توێژ و پیشە و لایەنێک بێ رێکخراو و نارێکخراو نەمێنێتەوە، لێرەوە ئەتوانین بە هەندێ رێگای تایبەتدا پێوەندییەکی چڕوپڕیش لە نێوان ئەو هەمووو رێکخراوەدا دروست بکەین. بۆ وێنە ئەتوانین بۆ هەر شارێک رێکخراوێکی گەورەتر دروست

بکەین کە تیایدا نوێنەرانی ڕێکخراوە بچووکەکان کۆ ببنەوە و وتوویژ بکەن. ئینجا ئاوا ڕێکخراوێکیش بۆ پارێزگاکان دابمەزرێنین و نوێنەرانی هەڵبژێردراوی ڕێکخراوە مەدەنییەکانی شارەکان ببنە ئەندامی ئەو ڕێکخراوەیە و لە ڕێی دیالۆگی بەردەوام و چاودێری و خەسارناسیی هەمیشەییەوە ستراتیژ و بەرنامەی یەکگرتوو بۆ ڕەوتی چالاکییەکان دیاری بکەن، دواجار ئەم هیرارشییەتە دەشێت درێژ بێتەوە بۆ کۆی پارێزگا کوردنشینەکان کە ئەمەش مانای پێکهێنانی گوتار و شوناسی یەکگرتووی کوردی بۆ خەڵکی کوردستان بە هەموو توێژ و مەزهەب و زاراوە جیاوازەکانیەوە. بە واتایەکی سادە ئەبێ ڕێکخراوسازی و ڕێکخستن (organization) ببێتە ستراتیژ و بەرنامەی سەرەکیمان.

بەڵام نابێ لە هەندێ ئەگەری خەسارئامێزیش غافڵ بین؛ ئەم ڕێکخراوانە ئەبێ تا سەر و بە تەواوی سەربەخۆ و تەنیا پشبەستوو بە ئەندام و بەڕێوەبەرەکانی خۆیان بن. مخابن لە سەردەمی دەوڵەتی خاتەمیدا تا ڕێکخراوێک دائەمەزرا حیزبەکان یەکسەر هەوڵیان ئەدا لایەنگرانی خۆیان بنێرنە ناویەوە و بۆ لای خۆیانی رابکێشن، واتە قابیل بەوە نەبوون ڕێکخراوێک دروست بێت سەربەخۆ بێ و لایەنگری ئەوان نەبێ. ئەمە دەبووە هۆی سێ کێشەی گەورە؛ لەلایەکەوە سەربەخۆیی ئەو ڕێکخراوانە کە زەرووڕەتێکی حاشاهەڵنەگرە زەوت ئەکرا، لەلایەکیترەوە لە نێوان لایەنگرانی حیزبەکاندا دەبووە شەڕ و ململانێ لەسەر ئەوەی ڕێکخراوەکە بچێتە ژێر سێبەری کامیانەوە، دواجار سەرچاوە ئەمنییەتییەکان و بەتایبەت ئیدارەی ئیتلاعات کە هەمیشە لە کەمیندان باشترین بیانوویان بۆ سەرکوتکردن و داخستنی ڕێکخراوەکان دەست ئەکەوت و بە بیانووی ئەوەی ئەمانە سەر بە دوژمنانی نیزام و (ضدانقلاب)ن بەریان بە کارەکانیان ئەگرت. بەم شێوەیە ڕێکخراوێک کە بە هەزار زەحمەت و بە زۆری لەلایەن کۆمەڵە خوێندکارێک یا دەستەیەک لە لاوانەوە دامەزرابوو بەرلەوەی کردەیەکی ئەوتۆ ئەنجام بدات بەسەر سکەوە ئەچوو و دائەخرا. پێویستە حیزبەکان واز لە میتۆدی داگیرکردن و (مصادره به مطلوب) بهێنن و ئیجازە بدەن ڕێکخراوەکان ڕەوتی سروشتی و سەربەخۆی خۆیان بژین. لە بنەڕەتدا وابەستەبوونی دامەزراوەیەکی مەدەنی یا پیشەیی بە حیزبێکی شۆڕشگێڕی چەکدار دژایەتیی لەگەڵ پێناسەی کاری مەدەنیدا هەیە و وەها ڕێکخراوێک ئیتر ناوی دامەزراوەی مەدەنی نییە، بەڵکوو دەبێتە بەشێک لە ڕێکخستنی ئەو حیزبە. ڕێکخراوی لەم چەشنە بە هیچ شێوەیەک ناتوانێ ئامانجە دیاریکراو و جەوهەرییەکانی خۆی بەدی بهێنێ و وشیاری و زانیاریی کۆمەڵایەتی بە کۆمەڵگادا بڵاو بکاتەوە. کەوابوو ئەبێ حیزبەکان هەڵەکانی سەردەمی خاتەمی دووبارە نەکەنەوە و ڕێز لە سەربەخۆیی دامەزراوە ڕەسمییە مەدەنییەکان و سروشتی چالاکیی مەدەنی بگرن.

لە ئاستێکی بەرزتردا دامەزراندنی حیزبێکی سیاسیی ڕەسمی و یاسایی هەم دەبێتە هۆی قووڵبوونەوەی گوتاری بزووتنەوەی کوردستان و هەم سیستماتیکبوونەوە و ئۆرگانیزاسیۆنی چالاکیی سیاسیی لێ ئەکەوێتەوە. ئێمە ئەبێ بتوانین مینبەرێکی ڕەسمی بۆ داواکردنی داواکارییەکان و خستنەگەڕی دیالۆگی سیاسی لە نێوان خۆمان و دەسەڵات و هەروەها خۆمان و لایەنە سیاسییەکان و ڕای گشتیی ئێراندا دروست بکەین. لەدوای وتووێژەکانی سەرەتای شۆڕشەوە تا ئێستا هیچ وتوویژ و دیالۆگێکی سیستماتیک و ڕەسمی لە نێوان کوردستان و دەسەڵاتدا

رووی نەداوە. ئەگەر بەشێک لە هۆکارەکانی ئەم نەبوونە بگەڕێتەوە بۆ نەویستن و بێ مەیلیی حکوومەت بێگومان بەشێکی گەورەیشی دەگەڕێتەوە بۆ ئامادەنەبوونی ئێمە و نەبوونی ڕێکخراوێکی ئاشکرای ڕەسمی کە بتوانێ نوێنەرایەتیی کۆمەڵگای کوردستان بکات. لەم بارەیەوە ئەزموونی دوور و درێژی باکووری کوردستان ئەتوانێ یارمەتیدەرێکی گەورە بێت کە سەرەڕای گوشارەکانی دەوڵەت هەمیشە هەوڵیان داوە حیزبێکی سیاسیی ڕەسمییان هەبێ - ئەڵبەت لە جیاوازییەکانی سیستەم و سیاسەتی ئێران و تورکیا غافڵ نیم بەڵام لانیکەم لە سەردەمی خاتەمیدا ئەمانتوانی ئاوا حیزبێک دابمەزرێنین و پێدەچێ لە سەردەمی ڕۆحانیشدا دیسان ئاوا دەرفەتێک بەدەست بهێنینەوە. دامەزراندنی حیزبی ڕەسمی پێویستی بەوەیە ڕوانگەی ئایدیۆلۆژیک وەلا بنێین و کۆدەنگییەک لە نێوان دەستەبژێرانی کوردستاندا پێک بهێنین، لە تورکیادا کەمالیزم لە بنەڕەتدا قایل بەوە نەبوو خەڵکانێک بە ناوی کورد بوونیان هەیە بەڵام دەستەبژێرانی باکوور نەیانوت کاری یاسایی و ڕەسمی بە مانای ئەوەیە کە دان بە ئەندێشەی کەمالیستیدا ئەنێین و ئەمەش مانای قبووڵکردنی نەبوونی کورد و هەر بۆیە کاری ڕەسمی حەرامە و نابێ بیکەین. ئێستا ئەبینین هەر لە ناو ئەو سیستەمە کەمالیستییەدا نەتەنیا دان بە شوناسی جیاوازی کورددا نراوە بەڵکوو تێلەڤیزیۆن و ڕادیۆ و میدیا و چاپەمەنیی ڕەسمی بە زمانی کوردی دامەزراوە و تەنانەت حیزبە چەکدارەکەیش بە ڕەسمی ناسراوە و وتووێژی ئاشتیی لەگەڵدا ئەکرێ. بەڵام لە ئێراندا قەت نکۆڵی لە بوون و شوناسی کورد نەکراوە و هیچکات وەک کوردی ئێراق و تورکیا ژینۆساید نەکراوین، تەنانەت لە یاسای بنچینەییدا خوێندن و نووسین و فێرکاری بە زمانی جیا لە فارسی بە ڕەسمی ناسراوە (مادەی ١٥) ئەی بۆ ئێمە نەتوانین لە ناو ئەم سیستەم و حکوومەتەدا کاری یاسایی و ڕەسمیی سیاسی ئەنجام بدەین؟ لە دوورەوە وەستان و هاوارکردن کە ئیجازەمان پێ نادەن وەڵامێکی دروست نییە، سەرەتا خۆمان ئیجازەی بزووتن بو خۆمان بدەین و هەنگاوێک هەڵبگرین، بە دڵنیاییەوە تا چەند هەنگاوەکەمان پتەو و قورس بێ بە هەمان ئەندازە حکوومەت حسێبمان لەسەر ئەکا و ناچار ئەبێ ڕێگەی کارکردنمان پێ بدات.

بەشێکی دیکەی ڕەوتی بەڕەسمیکردنەوەی چالاکی و کردەی کۆمەڵایەتیمان بە کۆڵانی دیالۆگی کورد و فارسدا تێئەپەڕێ. پێویستە دیالۆگێکی هەمەلایەنەی سیستماتیک لە هەموو ئاستێکدا لە نێوان کۆمەڵگای کوردستان و کۆمەڵگای فارس و ئێراندا دروست بکرێ؛ ئەبێ لە خەڵکی ئاساییەوە تا ڕووناکبیران و خوێندەوارانی زانکۆ و ئەدیب و ڕۆژنامەنووسانی کورد لەسەر بنەمای گوتاری نەتەوەیی لە هەمانکاتدا ئاشتیخوازانەی کوردستان بکەونە دیالۆگ و وتووێژەوە لەگەڵ کۆمەڵگای ئێراندا کە ئەتوانێ نەتەوەکانیتری وەک تورک و بەلووچ و عەرەب و...یش بگرێتەوە. چارەسەرکردنی کێشەیەکی درێژخایەنی وەک کێشەی کورد تەنیا لە ڕێگەی ڕێکەوتنێکی سیاسییەوە مومکین نییە، بێگومان ئەبێ ڕای گشتی و کۆمەڵگای هەردوولایش ئامادەی قبووڵکردنی ئاوا ڕێکەوتنێک بن. دیارە لەم کارەدا کە تا ڕادەیەک ئاڵۆزترە لە کارەکانی دیکە خەڵکی ئاسایی ناتوانن ڕۆڵێکی زۆر گەورە بگێڕن، مەگەر ئەوەی ڕۆشنبیران و دەستەبژێران دەسپێشخەری بکەن و کۆمەڵە هەوڵێکی جیدی، سیستماتیک و بەردەوام بخەنە گەڕ و کۆمەڵگایش بە شێوەیەکی بەربڵاو لە ئاکامەکانی ئاگادار بکەنەوە. ئەبێ ڕەوابوونی داواکان و سروشتی سیاسی و کۆمەڵایەتی و دژەتوندوتیژیی بزووتنەوەی کوردستان بۆ دراوسێکانمان ڕوون بکەینەوە و

فۆبیای ناڕەوا و درۆی تیرۆریستبوونی کورد پووچەڵ بکەینەوە. بیرمان نەچێ هەمیشە وتوومانە سەرەتای شۆڕشیش ئێمە هەر ئاشتیخواز بووین و توندوتیژی و شەڕ بەسەرماندا سەپێنرا. ئەم ئیدیعایە تەنیا لە ڕێی کردەوەی ئێستامانەوە ئەسەلمێنرێ، خستنەگەڕی دیالۆگی مەدەنی لە نێوان خۆمان و «ئەوی‌دی»دا باشترین بەڵگەیە بۆ سەلماندنی سروشتی ئاشتیخوازانە و پێشکەوتنخوازانەی «خەبات»ی کوردستان. دیالۆگ و وتووێژ پێوەندییەکی توندوتۆڵی هەیە بە پرۆسەی ڕێکخراوسازییەوە لە کوردستاندا، دواجار دیالۆگی سیستماتیک تەنیا بە ڕێگەی دامەزراوەکاندا مومکین دەبێت و هەوڵی تاک تاک و جارناجار سوودێکی ئەوتۆی بەدواوە نابێ. نەریتی دیالۆگ لەهەمانکاتدا مەرجێکی سەرەکیی دامەزران و چەسپاندنی (institutionalization) دیمۆکراسییە، ڕۆنانی دیمۆکراسی وەک سیستەمێکی سیاسی و شێوازی بەڕێوەبردنی دەوڵەت تەنیا بە مەرجێک سەرکەوتوو ئەبێ کە کولتووری دیمۆکراتیک لە کۆمەڵگادا بچەسپێ کە وتووێژ و دیالۆگ لە بونیادە سەرەکییەکانی نەریت و کولتووری دیمۆکراتیکە. لەم ڕووەوە پێکهێنانی دیالۆگی کورد ـ فارس نەتەنیا لە ئاگادارکردنەوەی رای گشتیی ئێراندا بەرانبەر بە پرسی کورد دەورێکی گەورە ئەگێڕێ بەڵکوو ڕێگەخۆشکەری سەقامگیربوونی نەریت و کولتووری دیمۆکراتیکە لە کۆمەڵگای کوردستاندا، واتە هاوکات دوو بەرهەمی دەرەکی و ناوەکیی لێ ئەکەوێتەوە.

**دوا وتە:**

گوتاری نەتەوەییی کورد پێویستی بە پیاچوونەوەیە، پێویستی بەوەیە گوتاری شۆڕشگێڕانە و نهێنی تێپەڕێنین و بەرەو گوتاری مەدەنی و رەسمی و ئاشکرا هەنگاو هەڵبگرین. کۆمەڵگای ئێران و کوردستان کەم تا زۆر ژینی مەدەنییان هەڵبژاردووە و ئەگەر گوتاری نەتەوەییی کورد بەدەم ئەم گۆڕانەوە نەچێ لە رەوتی ڕووداوەکان دوائەکەوێ و دیسان هەلەکان و دەرفەتەکان لە کیس ئەدات. ساڵی ٨٨ ساختەکارییەکی گەورە لە هەڵبژاردندا کرا و گشتمان پێمان وابوو چیدی دەرفەتی ژینی ئاشکرا و دیمۆکراتیک نەماوەتەوە و خەڵکیش ئیدی لە هەڵبژاردندا بەشداری ناکەن، بەڵام ترس لە داهاتوویەکی نادیار وای لە خەڵک کرد ریسکی حەقخواردنێکی دووبارە قبووڵ بکەن و دیسان سندووقی دەنگدان تاقی بکەنەوە. خەڵکی ئێران بەم بەشداریکردنە وتیان کە سەرەڕای هەموو دڕدۆنگ و ساختەکارییەکان نامانەوێ دیسان ئاوەژووکردنەوە و ڕووخاندنی سیستەم تاقی بکەینەوە و لە بەرانبەردا هیوامان بە ریفۆرم و چاکسازیی وردە وردە و هێمن لەدەست نادەین. بەدڵنیاییەوە چالاکی و کردەی درێژخایەن و کەمهەزینە گەلێ باشترە لە چالاکییەکی پڕهەزینەی کورتخایەن.

ماندێلای مەزن ئەتوانێ سەرچەشنێکی ئایدیال بێ بۆ ئێمەی کورد؛ ئەویش وەک ئێمە هەموو جۆرەکانی چالاکی و خەباتی توندوتیژ و چەکدارانەی تاقی کردەوە، بەڵام دۆگم نەبوو و کاتێک تێگەیی کە لە زەمەنی جیاوازی دواساڵەکانی زیندانە دژوارەکەیدا ئەبێ میکانیزمێکی جیاواز و ستراتیژێکی دیکە هەڵبژێرێ، بە هەموو دوودڵی و گومانەکانەوە، نەیوت «قسەی پیاو یەکێکە» و بە بڕیارێکی مێژوویی هەم ڕژێمی ئاپارتایدی هەڵوەشاندەوە و هەم گەلی ئافریقای باشووری بە ژیانی یەکسان، ئاسوودە و بەختەوەرانە ئاشنا کرد. با ئێمەیش لە زەمەنێکی

دیاردا واز لە هەندێ کەڵەڕەقی بهێنین و باوەڕ بکەین کە ڕێگا و میکانیزمی ئێستامان پڕە لە هەڵە و تەژییە لە ساوایی و ناشارەزایی. مەگەر هەمیشە بە باڵای ڕەخنەدا (critic) هەڵنادەین و ناڵێین تاقەڕێگای لابردنی چەواشەکاری و هەڵەکان کەڵکوەرگرتنە لە ڕەخنە و ڕەخنەکاری؟ ئەگەر وایە با ئەم کاراکتەرە زۆر کارامە و بەکەڵکە بۆ خۆیشمان بەکار بهێنین و سوودی لێ وەربگرین، با ئاوڕێکی ڕەخنەییانەیش لە مێژووی خەبات و سیاسەتمان بدەینەوە و بزانین بۆچی دوای ئەم هەموو ساڵە زۆربەی هەوڵەکانمان بێئاکام بووە و بێئاکامە؟ با تێبگەین سیاسەت دونیای «هەموو یا هیچ» نییە، دونیای «حەق و ناحەق» نییە، دونیای «ڕەش و سپی» نییە، بەڵکوو دونیای دەسکەوتی بچووک بچووک، وردە وردە و لە هەمان کاتدا هەمیشەیی و بەردەوامە. با لە سیاسەتی ئاماتۆر و ساوای ئێستامان تێپەڕین و سیاسەتی پرۆفیشناڵ و پێشکەوتوو هەڵبژێرین.

ئەم کارانە پێویستی بە هەندێ پێشمەرجە: بەر لە هەر شتێک پێویستە توێژی خوێندەوار و بەتایبەت دەرچووانی زانکۆ (ئاکادیمسیەنەکان) بێنە پێشەوە و جڵەوی چالاکییەکان بگرنە دەست خۆیان، ئەوان نابێ بخزێنە کونجی ماڵەکانیانەوە و خۆیان نغرۆی نائومێدی بکەن و دواجار لەژێر زەختی ئەو نائومێدییەدا بەرەو هەندەران کۆچ بکەن و ناوخۆی کوردستان لە هێزی ئینسانی خاڵی بکەنەوە. خەمخواردن و نۆستالۆژیا بوونەتە ژەهر بۆ ڕۆشنبیران و خوێندەوارانی کورد، تاکەی هەر بە یادی «قارەمانی»یەکانی دوێنێوە «دۆڕاوی»یەکانی ئەوڕۆمان لەبیر بەرینەوە و سبەینێشمان بکەینە قوربانیی نائومێدییەکانمان؟! ڕەنگە بمانەوێ ویژدانی خۆمان ئاسوودە بکەین و لە ڕێی شەرمەزارکردنی حکوومەتەوە کە ناهێڵێ هیچ کارێک ئەنجام بدەین و هەروەها شەرمەزارکردنی خەڵک و کۆمەڵگاوە کە دەرکمان ناکەن و لێمان تێناگەن، بە ویژدانێکی ئاسوودەوە پاڵی لێ بدەینەوە و هیچ بەرپرسایەتییەک لە ئەستۆ نەگرین! بە ڕای من خەتای توێژی دەستەبژێرانە کە خەباتی کورد دابەزیوە بۆ هەندێ وردەکاری وەک ئاگرکردنەوە و دروشمنووسین لە ساڵڕۆژە حیزبی و نەتەوەییەکاندا، هاتنە مەیدانی ئەوان لیڤێڵ و ئاستی سیاسەت و بزووتنەوەی کوردستان بەرز ئەکاتەوە و نەهاتنیان تووشی ئەم دۆخە نزم و بێئەنجامەی دەکات.

هەروەها پێویستە کۆدەنگییەک لە نێوان دەستەبژێراندا لەسەر ستراتیژ و میکانیزمەکانی «خەبات»° دروست بکەین، واتە بگەینە هەندێ خاڵی هاوبەشی لانیکەمی (minimalistic) کە ئەمەش لە ڕێگای وتوویژ و دیالۆگی ناوخۆییەوە دێتە دی. واتە پێش ئەوەی دەست بدەینە دیالۆگی خۆمان و ئەویدی پێویستە لەگەڵ خۆماندا بکەوینە دیالۆگەوە و لە ناو خۆدا بگەینە «لێکگەیشتن» و «پێکگەیشتن». کاری هاوبەش پێویستی بە بۆچوونی هاوبەش هەیە و بەم پێیە و بە لەبەرچاوگرتنی ڕۆڵی ئاوانگاردی دەستەبژێران پێکهاتنی کۆدەنگیی دەستەبژێران زەروورەتێکی حاشاهەڵنەگر و حەتمییە.

پێشمەرجێکیتر پێداگری و بەردەوامبوونە لەسەر ستراتیژ و میکانیزمەکان، ئێمە بەگشتی زۆر زوو دڵسارد ئەبینەوە و لەگەڵ یەکەم لەمپەردا واز ئەهێنین، سیاسەت و کردەی کۆمەڵایەتی مەیدانی کۆڵنەدان و شێلگیربوونە نەک مەیدانی هەناسەکورتی و نائومێدی. ئەگەر بەدوای بیانوویەکەوە بۆ ئاشبەتاڵ و وازهێنان بین بەدڵنیاییەوە ئەو جۆرە بیانووانە ئێجگار زۆرە! ئەم گۆڕەپانە ڕێگایەک نییە بۆ ئاسوودەکردنی ویژدان و سارێژکردنی

حەسرەتەکانمان، بەڵکوو مەیدانی تەقالای بێوچان و بەردەوامە تا گەییشتن بە ئامانجەکان یاخود بە بەشێک لە ئامانجەکان.

هەروەها ئەبێ ڕەچاوی ئامێر و میتۆدەکانی ستراتیژ و میکانیزمی هەڵبژێردراو بکەین، واتە ئەگەر ئەمانەوێ کارێکی یاسایی و ڕەسمی ئەنجام بدەین لە ڕێگەی نایاسایی کەڵک وەرنەگرین. ناتوانین هاوکات هەم لە ناو یاسادا بژین هەم لە دەرەوەی یاسا، ئەگەر لە شوێنێکدا یاسا کەموکورتیی هەبوو ئەبێ هەوڵی گۆڕینی یاساکە بدەین نەک وازهێنانی یەکسەر لە یاسا. ئەمە تەنیا نموونەیەکە و بەو مانایە نییە هەرچی بکەوێتە دەرەوەی یاساکانی ئێرانەوە ناڕەوایە، بەڵکوو مەبەست ئەوەیە کە ئەگەر ئەمانەوێ کاری یاسایی بکەین تێکەڵبوون بە میتۆدی نایاسایی و شاراوە تەنیا لەخشتەبردنی ئەسڵی کارەکەی لێ ئەکەوێتەوە. وەک نموونەیەکیتر ئەتوانم ئاماژە بە توندوتیژی و مافی مرۆڤ بکەم، ئەگەر دروشممان ئەوەیە کە کاری توندوتیژ ناکەین و پابەندی مافی مرۆڤین نابێ لە کردەوەدا لە میتۆدی توندوتیژئامێز یاخود دژە مافی مرۆڤ کەڵک وەربگرین. ئەبێ جارێک بۆ هەمیشە واز لە پارادۆکسی نێوان گوفتار و کردار بهێنین و ئەوەی بە دروشم بەرزی ئەکەینەوە لە کردەوەیشدا هەر ئەو شتە بەڕێوە بەین. بە واتایەکی زۆر سادە ئەبێ بە ڕێگا تایبەتییەکانی ستراتیژی دیاریکراو وەفادار بین. ئامانجێکی باش و دروست قەت لە ڕێگەی هەڵە و نادروستەوە نایەتە دی، ئامانجی دروست ڕێگای دروستی ئەوێ: ئەمەش پێشمەرجێکی دیکەی کار و کردەوەی کۆمەڵایەتیمانە. بۆ نموونە ئەگەر بۆ بڵاوکردنەوەی گۆڤارێک پارەمان نەبێ ڕەوا نییە لە ڕێی دزییەوە ئەو پارەیە بەدەست بهێنین. ڕێگەی نادروست فێری نادروستی و بێئەخلاقیمان ئەکات و ئەمەش دواجار یەکانگیرە لەگەڵ شکست و دۆڕانی دووبارە و هەزار بارەدا.

ئەگەر ڕەچاوی ئەم پێشمەرجانە بکەین دڵنیام کردەی کۆیی لە کوردستاندا ـ بەراورد بە ناوچەکانیتری ئێران ـ گەلێ ئاسانتر و بەردەستترە؛ هەم مێژوویەکی درێژی خەباتمان هەیە، هەم سەرمایەی کۆمەڵایەتی ( social capital) لە کوردستاندا پتەوتر و بەهێزترە، هەم شوناس و گرێدراویی نەتەوەیی بەرجەستەترە، هەم دوو ئەزموونی بەپێز و پڕ بایەخی باشوور و باکووری کوردستانمان لەبەردەستدایە، هەم زەمینەی ڕۆنان و قبووڵکردنی ڕێکخراوە مەدەنییەکان لە کوردستاندا خۆشترە و... دەوڵەتی حەسەن ڕۆحانی بێگومان دەوڵەتێکی گەشەخواز و کراوەتر و ئازادبیرتر ئەبێت، با لانیکەم ئەمجار واز لە سیاسەتی بێدەسکەوتی دوورەپەرێزی و بایکۆت بهێنین و ئەم هەلە بە سوودی خۆمان بقۆزینەوە. ئەگەر بەشدارییەکی چالاکانە لە بەستێنی گشتی و ئاشکرای ئێراندا بکەین بەدڵنیاییەوە کوردستان دەبێتە ناوچەیەکی ئاوەدانتر، مۆدێرنتر و پێشکەوتووتر و پێدەچێ بتوانین لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی داهاتوودا کۆمەڵە پەرلەمانتارێکی هاوپەیمان بنێرینە پەرلەمان کە لەناو گوتاری کۆمەڵایەتیی کوردستانەوە و بەشێوەیەکی ڕێکخراو و سیستماتیک خۆیان کاندیدا کردبێ. یان دەتوانین کۆنترۆڵی سەرتابەری شۆراکانی شار و دێی کوردستان بگرینە دەست و لە دابەشکردنی دەسەڵاتی ئیداریی شار و لادێکاندا ببینە لایەنی یەکەم و سەردەست.

بەڵام ئەگەر لە ڕێگای ئازادییە ڕەوا و یاساییەکان، چاپەمەنی و میدیای ڕەخنەگر و دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانەوە چاودێریی دەسەڵات نەکەین بێگومان ناتوانین کۆنترۆڵیشی بکەین و هەر دەسەڵاتێک کۆنترۆڵ نەکرێ بەرەو

داخـران و گەنـدەڵی دەگەڕێـتەوە. ژینـی مەدەنـی پێویسـتی بە شـەفافییەتە لە سیاسـەتەکان و بەرنامەکانـدا و وازهێنان لە میتۆدگەلی ژێربەژێر، کوێخایـانە و نارەسـمی. قورسـاییمان چەنـد بێـت دەسـەڵات بە هەمـان ئەنـدازە رێگەمان بـۆ ئەکـاتەوە، بـا بەرپرسـایەتییەکانمان لە رەوتـی گەشـە و کـرانەوەی ئـابووری، سیاسـی، کولتـووری و کۆمەڵایەتیی ئێراندا قبـووڵ بکەیـن و دان بەو حەقـیقەتەدا بنێـین کە بـوونی دەلاقەیەکـی دیمۆکراتیـک، هەرچەنـد بچووکیش بێ، لە نەبـوونی باشـترە و ئەتـوانین لە رێـی چاکسـازی و کـردەی وردە وردە بەڵام هەمیشـەییەوە ئەو دەلاقەیە بگۆڕین بۆ جادەیەکی ناکۆتا.

تێبینی: ئەم وتارە قەت بە مانای بێبایەخکردنی خەباتی پێشوو و ئەمڕۆمان نیـیە، یـاخود نەمویسـتووە حیـزب و کەسایەتییە سیاسی و زەحمەتکێشەکانمان نەفی بکەمەوە. من خۆم لە ناو ئەو گوتار و دونیـایەدا ژیـاوم و حەوت ساڵە لەسەر کاری سیاسـی تونـدی زینـدان کـراوم و کەسـێک نـیم لە دوورەوە وەسـتابم و لەخـۆڕا رەخـنە بگـرم. هیـوادارم هـیچ کەس و لایەنێـک قسـەکانم بە سـووکایەتی وەرنەگـرێ و تەنیـا وەک زەروورەتـی پیـاچوونەوە و کردنەوەی گیانێکی تازە بە بەر سیاسەتی کوردستاندا لێی تێ بگات.

کۆتاییی پووشپەڕ و سەرەتای گەلاوێژی ١٣٩٢

بەندیخانەی سنە

---

١. ئەم تەعبیرەم لە عەباس عەبدییەوە وەرگرتووە.

٢. کاتوزیان وشەی (کلنگی) بە واتای کۆن و لەکارکەوتوو بەکار ئەهێنێ کە هاوتایەکی باشی کوردیم بۆ نەدۆزییەوە.

٣. ئەم باسە زۆرخێرایە بۆ تیۆرییەکانی ئەو بیرمەندانە گەلێ بەپەلە و ناتەواوە و چەندەها رەهەند و لایەنی ئەو تیۆرییانە ئاماژەی پێ نەکراوە و بۆچوونەکان ئاوا سادە نین، بەڵام لێرەدا تەنیا مەجالی ئاوا ئاماژەیەکی خێرا هەیە.

٤. بۆ تێگەییشتنی باشتر لەم باسە بڕوانە: از شاهد قدسی تا شاهد بازاری، سعید حجاریان، انتشارات طرح نو.

٥. وشەی خەبات بە حەزەرەوە بەکار ئەهێنم و هیوادارم لە مانا ئایدیۆلۆژیکەکەیدا وەرنەگیرێ، ئەم وشەیە تەنیا وەک هاوواتای چالاکی و کردەی کۆیی و کۆمەڵایەتی بەکار ئەهێنم.



www. hassanpour.org